کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم – ژمارە ٤٦٥ –خەرمانانی ١٤٠٤–ئەیلوولی ٢٠٢٥

## سەروتار

## ڕاگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە سێهەمین ساڵیادی دەسپێکی شۆڕشی شکۆداری ژینا دا


ئەوا سێ ساڵ بە سەر ئەو ڕۆژەدا کە لە ئارامستانی ئایچی لە شاری سەربەرزی سەقز بروسکەی ئاخێزێکی شۆڕشگێڕانە لێدرا تێپەڕ دەبێ. چوارشەممە ٢٦ی خەرمانان سێهەمین ساڵیادی دەستپێکی شۆڕشێکە کە تەنیا یەک ڕۆژ دوای گیانبەختکردنی ژینا ئەمینی بە دەست جنایتکارانی حکوومەتی ئیسلامی لە زیندانی گەشتی بەدنێوی ئیرشاد دا، بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، سەریهەڵدا. شۆڕشێک کە ڕێگای گەیشتن بە ئازادی، یەکسانی و جیهانێکی بەری لە ستەم، هەڵاواردن و چەوسانەوەی بە کۆمەڵگای ئێران نیشاندا

حەرەکەتێک کە لە کوردستانی شۆڕشگێڕەوە دەستی پێکرد، لە ماوەیەکی کورتدا، سەرتاسەری ئێرانی گرتەوە. ئاخێزێک کە لە دژی هەڵاواردن و ئاپارتایدی جنسییەتی و بە ناوەرۆکی پێشڕەو، ڕادیکاڵ، ئینسانی و ئازادیخوازانەی خۆی، سیمای کۆمەڵگای ئێرانی گۆڕی، هاوپشتی نەتەوەکانی ئێرانی بەهێزتر کرد، خەباتی ئازادیخوازانە، یەکسانیخوازانە و عەدالەتخوازانەی بەیەکەوە گرێدا، هاوپشتی و هاوسۆزی نێونەتەوەیی بۆ کۆمەڵانی خەلکی ئێرانی بەدەستهێنا ، درزی قووڵی خستە ناو پایەکانی دەسەلاتی کۆماری ئیسلامییەوە، بە جۆرێک کە ئاسۆی بەردەوام مانەوەی ئەم نیزامە کۆنەپەرستەی لێڵ کرد.

ئەگەرچی دوای چەند مانگ حزووری جەماوەر لە سەر شەقامەکان، بۆ ئەوەی خەسارەتی ئینسانی ئەو ئاخێزە کەم بکرێتەوە، ئەم شۆڕشە شیوازی حزووری خۆی گۆڕی و چووە قۆناغێکی نوێەو

درێژە لە لاپەڕەی ٢




لە ٣




لە ٥

## ڕاگەیاندنی کۆتایی پلینۆمی هەشتەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

لە ٧

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە دژی دەرکردنی سزای لەسێدارەدان بۆ شەریفە محەممەدی

لە ١٢

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٦٥ -خەرمانانی ١٤٠٤ -ئەیلوولی ٢٠٢٥




## درێژەی سەروتار

کە توانای سەرکوت کردنی ڕژیم بەرتەسک کاتەوە و هێزەکانی زەمینگیر بکات، بەڵام لە تەواوی ماوەی ئەو سێ ساڵەدا، خەباتێکی بە شێنەیی و هەنگاو بە هەنگاو لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردستان و ئێران بەردەوام بووە. ئەوانەی کە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی ڕووکەش هەڵدەسەنگێنن، باس لە دامرکانەوەی ئەو بزووتنەوەیە دەکەن. دەسکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی دیار و نادیاری ئەو ئاخێزە نابینن بەڵام لە ڕاستیدا شۆڕشی ژینا لە ناخ و لە قوڵایی کۆمەڵگای ئێران دا بەردەوامە ڕووخساری شەقامەکان، خواردنگەکان، پارک و شارەکانی وڵات، هۆڵەکانی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە جۆراوجۆرەکان و کۆڕ و کۆبوونەوە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان، سینەما و شێعر و هونەر بە گشتی، هەمووی بۆنی عەتری پرچی پەرێشانی ئەو کچ و ژنانەی گرتووە کە بەردەوام دڕکی چاوی کۆنەپەرستانی دەمارگرژ و دژە ژن بوون.

ئەم بزووتنەوە بەردەوام و کۆمەڵایەتییە، تەنها لە چوارچێوەی خەبات لە پێناو جلوبەرگی دڵخوازدا قەتیس نەماوەتەوە بەڵکوو هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە ئێران تەنیوە... فەرهەنگی ئیسلامی ماتەمینی و ڕێوڕەسمە ئایینییەکان، گوێی لێ ناگیرێ و نەوەی نوێ ئەو کولتوورە سەپێنراوەی ڕژێمیان ڕەت کردۆتەوە. هونەری خۆڕاگریی لە هەموو بوارەکاندا لە چەندایەتی و جۆنایەتیدا گەشەی کردووە. ئەم شۆڕشە خەبات لەپێناو ئازادی لەگەڵ خەبات لەپێناو نانی لێک گرێداوە. کۆماری ئیسلامی هەوڵی دا کە بە کوشتاری لاوانی خوازیاری ئازادی و یەکسانی لە سەر شەقامەکان، ئێعدام لە زیندانەکان، بە کوێرکردنی چاوی سەدان کەس لە خۆپێشاندەران، بە زیندانیکردنی دەیان هەزار کەس، بە ژەهراویکردنی خوێندکارانی کچ لە قوتابخانەکان و بە ئەشکەنجە و ئێعدام، جەماوەری خەڵک هیوابراو کات و وا نیشان بدات کە کۆتایی بەم شۆڕشە هێناوە. بەڵام بەردەوامبوونی خەباتی کرێکاران، موعەلیمان، خانەنشینان، خوێندکاران، پەرستاران ، دادخوازان، نەتەوە ستەملێکراوەکان و بەرگریکارانی ژینگە، سەرجەم ئەو هەوڵە بێهوودانەیان لە کوردستان لە خۆدەرخستنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی دا پووچەڵ کردۆتەوە. ئەم خەباتە درەوشاوەیە، بە درێژایی سێ ساڵی ڕابردوو، بەردەوام بووە بە جۆرێک کەلەم ماوەیەدا سیمای کۆمەڵگای ئێرانیشی لە ئاستێکی بەرچاوەدا گۆڕیوە و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە بواری فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی لەم کۆمەڵگایەدا پێکهێناوە. حیجابی زۆرەملێ، کە هێمای ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیمی ئیسلامی بوو، تووڕ هەڵدرا و گەشتی بەدناوی ئێرشادی ئیسلامی، لە ئاست وره و ئیرادەی ژنانی بوێری ئێراندا، بەچۆکدا هات. پیاوسالاری گیانسەخت، کە لە نەریتەکانی کۆمەڵگای ئێراندا ڕەگ وڕیشەی داکوتاوە، لە بەرامبەر بزاڤی خەباتکارانەی لاوان، ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازدا، تا ڕادەیەکی زۆر پاشەکشەی پێکراو و جێگە و پێگەی ژنان لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگادا بەرزتر بووەوە سەرەڕای هەوڵەکانی دەسەڵات بۆ زاڵکردنی فەزای ترس بەسەر کۆمەڵگادا و بێ سەرکردنی بزووتنەوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان ، زیندانەکانی سەرانسەری وڵات بوونەتە گۆڕەپانی خۆڕاگریی بەرچاوی زیندانیانی سیاسی. مانگرتن لە خواردنی زیندانیانی سیاسی لە "سێشەممەکانی نا بۆ لەسێدارەدان" لە هەکوو زیندانەکانی ئێران، لە نمونەکانی درەوشاوەی ئەو بوارە لە شۆڕشی بەردەوامی ژینا بوو لە ئاوا بارودۆخێکدایە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، خۆیان بۆ یادکردنەوە و بەرزڕاگرتنی ساڵیادی دەستپێکی شۆڕشی ژینا و نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ گیانبەختکردووانی ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەیە، ئامادە دەکەن با لە ساڵیادی ئاخێزی شکۆداری ژن ژیان ئازادی دا لە کوردستان و لە هەموو ئێران، هاوڕێ لەگەڵ بنەماڵەی گیانبەخت کردوان ڕوو بکەینە سەر گڵکۆی ئەو ئینسانە نەسرەوتووانەی کە بە پێشکەشکردنی گیانی ئازیزیان دارستانی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیان ئاودێر کرد، یادیان بکەینەوە و دەستەگوڵی ڕێز و خۆشەویستییان پێشکەش بکەین با جارێکی تر لەسەر ئیرادە و هاوپشتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئێران بۆ درێژەدان بە شۆڕشی ژینا جەخت بکەینەوە و یاد و بیرەوەریی گیانبازی و فیداکاریی گیانبەختکردووانی ئەو شۆڕشە، بەرز و بەڕێز ڕابگرین

**سەرکەوتووبێت شۆڕشی شکۆداری ژن، ژیان ، ئازادی**

**بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم**

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**

**(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)**

**٢٤ی خەرمانانی ١٤٠٤**

****



# بە یادی گیانبەختکردنی سێ ئەستێرەی درەوشاوەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە ڕۆژانی تاریکی نیوەی ئەوڵی مانگی خەرمانان

نیوەی یەکەمی مانگی خەرمانان لە مێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران و بزووتتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، وەك ڕۆژانێکی خوێناوی یادی لێدەکرێ. لە وەها ڕۆژ گەلێکدا بوو کە کوشتاری بە کۆمەڵی کۆمۆنیستەکان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دەستیپێکرد. کوشتاری بەندکراوانی سیاسی کە لە مانگی گەلاوێژدا بە ئێعدامی بە کۆمەڵی ئەندامان و لایەنگرانی سازمانی مۆجاهدینی خەڵق دەستیپێکرد و دواتر لە نیوەی یەکەمی مانگی خەرمانان جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامی دەستیاندایە کوشتاری چەپ و کۆمۆنیستەکان. دوای ئەوەیکە "کۆمیسیۆنی مەرگ" ڕاپۆرتی ئەنجامی جەنایەتی مانگی گەلاوێژی گەیاندە خومەینی، فەتوای کوشتاری کۆمۆنیستەکانیشیان لە لایەن خومەینییەوە پێدرا و بەمجۆرە کەوتنە گیانی ئینسانە ئازادیخوازەکان و کەسانێك کە دڵیان بۆ ئامانجە بەرزەکانی ڕزگاریی مرۆڤی چەوساوە و ستەملێکراو لێیدەدا. لە ڕۆژانی ڕەشی نیوەی ئەوەڵی مانگی خەرماناندابوو کە هەزاران بەندکراوی خەباتکار و خۆڕاگر ئێعدام کران بەڵام بۆ ساتێکیش پشتیان لە ئارمانە ئیسانییەکانی خۆیان نەکرد و بە وڵامی "نا" بە پرسیاری کۆنەپەرستان، زاڵ بوونی ئیرادەی خۆیان بەسەر هێزی سەرکوتی دوژمندا نیشاندا

لە ڕۆژانی ئەوەڵی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ دابوو کە خەڵخاڵی کۆنەپەرست و جەنایەتکاری خوێنڕێژ، بە فەرمانی خومەینی کە نەفرەتێکی قووڵی لە خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان لە بەرابەر کۆنەپەرستانی ئیسلامی لە دڵدا بوو، کەوتە گیانی ئینسانە شۆڕشگێڕ و خەباتکارەکانی کوردستان و مەیدانەکانی ئێعدام لە شارەکانی پاوە، سنە، مەریوان، سەقز، مەهاباد و بانە، بە خوێنی ئەو ئازیزانە سوور بوو بەڵام تا دوایین ساتەکانی ژیانیان، سەریان لە بەرامبەر کۆنەپەرستانی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو دانەنەواند و کڕنووشیان نەبرد. ڕۆژەکانی ٤ و ٩ و ١٣ی خەرمانان لە مێژووی سیاسی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، وەبیرهێنەرەوەی سێ ڕووداوی گرینگە. لەم ڕۆژانەدا بوو کە جەریانی ئێمە سێ کەس لە ڕێبەرانی بەناوبانگی خۆی واتە، "فواد مستەفا سوڵتانی، سەدیق کەمانگەر و غوڵام کەشاوەرز"ی لەدەستدا. دەور و نەخشی ئەوان و پترلە دوو هەزار و ٥٠٠ گیانبەختکردووی ناو ڕیزەکانمان، ژیاننامەی سیاسیی ئەوانی کردووەتە بەشێك لە مێژووی ئەم کۆمەڵگایە. بە پێویستی دەزانین کورتەیەک لەسەر ژیانی ئەو سێ پێشەنگەی کاروانی گیانبەختکردووان بە یادی هەموو ئەو ئازیزانە باس بکەین

****

**شەوی ٤ی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٨، هاوڕێ بەهمەن جەوادی، ناسراو بە غوڵام کەشاوەرز، سیمای خۆشەویست و بەناوبانگی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران، کە بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکەی ڕۆیشتبووە وڵاتی "قوبرس" لە شاری "لارن کا" کەوتە بەر پەلاماری بەکرێگیراوان و کۆنەپەرستانی کۆماری ئیسلامی و دوای چەند کاتژمیر بەهۆی کاریبوونی برینەکەی لە نەخۆشخانە گیانی بە ختکرد.**

ساڵی ١٣٦٨ ساڵێکی گەلێک پڕ لە ڕووداو بوو لە جیهاندا. خومەینی جامە ژەهرەکەی خواردبوووە و شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق کۆتایی هاتبوو، لەسێدارەدانی هەزاران زیندانی سیاسی لەئارادا بوو، جینۆسایدی خەڵکی کورد لە کوردستانی عێراق کە بە ئەنفال ناسراوە و لەو ڕووداوەدا ١٨٠ هەزار کەسی بێ دیفاع لە بیابانەکانی باشووری عێراق کۆمەڵکوژ کران، لە قۆناغی کۆتاییدا بوو، ئەرتەشی یەکێتی سۆڤیەت ئەفغانستانی بەجێهێشت و قۆناغێکی تری ڕۆژ ڕەشی و مەینەتییەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئازارچێشتووی ئەو وڵاتە دەستی پێکرد، دیواری بەرلین ڕووخا و حکومەتەکانی لایەنگری سۆڤیەت لە ئورووپای ڕۆژهەڵات، دوا هەناسەیان دەدا. بەڵێ لە ئاوا هەلومەرجێکدا بوو کە حیزبەکەمان یەکێک لە ڕێبەرە هەڵکەوتووەکانی خۆی بە ناوی غوڵام کەشاوەرز لەدەستدا. هاوڕێ غوڵام کەشاوەرز، ناوی ڕاستەقینەی بەهمەن جەوادی، ساڵی ١٣٣٤ لە بنەماڵەیەکی هەژار لە گوندی نارەک، یەکێک لە گوندەکانی سەر بە پارێزگای گەچساران لە کۆهگیلویە و پارێزگای بۆیرئەحمەد لەدایک بووە. هاوڕێ غوڵام ساڵی ١٣٥٢ کۆمەڵێکی نهێنی لەژێر ناوی "هەنگاوی شۆڕشگێڕانە لەدژی دۆخی هەبوو"ی پێکهێنا. ساڵی ١٣٥٤ چووە زانکۆی کشتوکاڵی کەرەج. مانگی گوڵانی ساڵی ١٣٥٧ بەهۆی ڕێکخستنی مانگرتنی خوێندکاران لەلایەن ساواکەوە دەستبەسەر کرا. پایزی ساڵی ١٣٥٧ لە کاتی ئازادبوونی زیندانیانی سیاسی، لە زیندان ئازاد کرا. ناوبراو سەرەتای زستانی ١٣٥٨ بە ڕێکخراوی ئیتحادی موبارزانی کۆمۆنیست پەیوەست بوو

درێژە لە لاپەڕەی ٤

درێژە ی لاپەڕەی٣

هاوڕێ غوڵام کەشاوەرز یەکێک لە پێشڕەوانی خەباتی کۆمۆنیستی لە ئێران بوو. وێڕای خەباتی بەردەوام و خۆڕاگریی لە سیاچاڵەکانی ڕژیمی پەهلەوی و چێشتنی ئازاری جەستەیی و ڕۆحیی زۆر، بەردەوام لە ڕیزی پێشەوەی خەباتی کۆمۆنیستی ئێراندا هەنگاوی هەڵگرتووە. هاوڕێ غوڵام کەشاوەرز سیمای خۆڕاگری ناو زیندانەکانی ڕژیمی شاە و لە یەکەمین کادرەکانی ئیتحادی مۆبارزانی کۆمۆنیست و یەکێك لە دامەزرێنەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو کە لە کاتی چالاکی لە ناو حیزبی کۆمۆنیستدا بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری لەوانە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حیزبی گرتە ئەستۆ. هاوڕێ غوڵام هەر لە ساڵەکانی پێش شۆڕشی ٥٧ ڕووی کردبووە خەباتی سیاسی و لە ڕاپەڕینی مانگی ڕێبەندان و دواتر لە دژی کۆماری ئیسلامی و لە هەموو بووارەکانی دیکەی خەباتدا، چالاك و بوێرانە هەنگاوی هەڵێناوە. هاوڕێ غوڵام کەشاوەرز لە پڕۆسەی پڕ لە ئاڵووگۆڕی ژیانی سیاسیی لە ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران تا کاتی گیانبەختکردنی، هەمیشە کەسێکی بیرمەند و خاوەن هەڵوێستێکی بەهێز بوو. هاوڕێ غوڵام بە وەئەستۆ گرتنی ڕێبەریی ئۆرگانە سەرەکییەکانی حیزب لەوانە ئەندامبوون لە کۆمیتەی سازماندەیی تەشکیلاتی شارەکانی ئێران، کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزب، کۆمیتەی ڕادیۆ دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و بەرپرسی ڕێکخراوی فێدراسیۆنی شوڕای پەنابەرانی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب، دەور و نەخشێکی گرینگی لە بواری فیکری و سیاسی و ڕێکخراوەیی هەبوو. هاوڕێ غوڵام لە هەموو ژیانی

سیاسیی خۆیدا، خەباتکارێکی پاك و پەیگیر بوو لە دژی سیستەمی پڕ لە ستەم و چەوسانەوەی سەرمایەداری و بەردەوام خوازیاری وەدیهاتنی دونیایەکی بەرابەر و بێ ستەم و هەڵاواردان بوو و سادقانە هەوڵی بۆ دەدا و هەر لەم ڕێگەیەشدا گیانی ئازیزی بەختکرد

****

**٩ی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ هاوڕێ فواد مستەفا سوڵتانی یەکێک لە ڕێبەران و دامەزرێنەرانی کۆمەڵە، سیمای ناسراو و خۆشەویستی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران، ڕێبەری خۆشەویستی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان، لە شەڕێکی نابەرابەردا لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاوایی "بەستام" لە سەر ڕێگای نێوان سەقز ـ مەریوان، دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت.**

هاوڕێ فوئاد ساڵی ١٣٢٧ لە ئاوایی ئاڵمانەی شاری مەریوان لە دایکبووە. تەمەنی منداڵی و تازەلاوی لە شاری سنە بەسەر بردووە و خوێندنی باڵای لە تاران بە بڕوانامەی ئەندازیاری کارەبا تەواو کردووە. ساڵی ١٣٤٨ لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی، ڕێکخراوێکیان دامەزراند، کە دواتر ناوی کۆمەڵەی لێنرا.

چالاکی کۆمەڵایەتیی فوئاد بە ڕێبەریی کردنی نارەزایەتیی بەندکراوانی سیاسی لە زیندانەکانی ڕژیم دەستپێکرد. ئەگەر پێشتر تەنیا ڕێبەر و ڕێکخەری خەباتی نهێنی بوو، لەم قۆناغە بەولاوە، توانایییەکانی لە بواری ڕێبەریی و خەباتی کۆمەڵایەتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەی سەند. کۆمەڵە وەك ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی کە کاك فوئاد و هاوڕێیانی ٩ ساڵ پێشتر دایانمەزراندبوو، لەگەڵ ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لە دژی ڕژیمی شا، عەلەنی بۆوە و ئەوە دەستپێکی چالاکی سوودمەندی تەشکیلاتێک بوو کە بە درێژایی دەسەڵاتی سەرەڕۆ و سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی، لەگەڵ ناوی کرێکار و کۆمۆنیزم و خەباتی لێبڕاوانە لەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ئاوێتە بووە. ناوی فوئاد مستەفا سوڵتانی و کۆمەڵە، لە ڕێبەریی خەباتی دەورانی ڕاپەڕینی ساڵی ٥٧ی بزووتنەوەی جەماوەریی لە شاری سنە و پێکهاتنی شوڕای شار، لە کۆچی مێژوویی مەریوان، لە ڕێکخستنی یەکیەتی جووتیاران، لە ڕێپێوانی بەرینی جەماوەری لە سنەوە بۆ مەریوان، لە پێکهاتنی ئەوەڵین دەستەی پێشمەرگەی کۆمەڵە، لە جەمعیەتە دیمۆکراتیکەکان کە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان پێکهاتبوون و لە ڕێکخستنی موقاوەمەتی چەکداری لە بەرامبەر هێرشی ڕژیم بۆسەر کوردستان، درەوشایەوە. لەگەڵ هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆسەر کوردستان لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨، کاك فوئاد دەستیدایە ڕێکخستنی موقاوەمەتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان و لە ڕۆژی ٩ی خەرمانانی ئەوساڵەشدا بوو کە لە شەڕێکی نابەرابەردا لەگەڵ داگیرکەرانی ڕژیمی ئیسلامی گیانی بەختکرد. فوئاد کۆمۆنیستێکی ماندوو نەناس بوو کە لە ڕێگای ڕزگاریی چینی کرێکار و جەماوەری ستەملێکراو لێبڕاوانە خەباتی دەکرد. بەڵام بەداخەوە پارێزەرانی جەهل و خوڕافەی سەرمایە دەرفەتیان پێنەدا تا دەسترەنجی هەوڵی خۆی و یارانی لە پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا کە ساڵیانێکی زۆر بوو هەوڵی بۆ دەدا و یەکێك بوو لە ئامانجە بەرزەکانی، بە چاوی خۆی ببینێت.

****

**کاتژمێر ٢ی نیوەشەوی ١٣ای خەرمانانی ساڵی ١٣٦٨، هاوڕێ سەدیق کەمانگەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، لە هەوڵێکی جەنایەتکارانەدا لە لایەن خائین و بەکرێگیراوێکی کۆماری ئیسلامییەوە هێرشی کرایە سەری و گیانی بەختکرد.**

هاوڕێ سدیق کەمانگەر ساڵی ١٣٢٥ لە گوندی ئافریانی سەر بە پارێزگای کامیاران لەدایک بووە. ساڵی ١٣٤٤ چووەتە زانکۆی تاران و لە بواری یاسا و زانستە سیاسییەکاندا خوێندنی درێژەی بە خوێندن دا. ئەو ساڵی ١٣٥٠ لەم زانکۆیە بە بڕوانامەی ماستەری وەرگرتووە و لە شاری سنە وەک پارێزەر کاری کردووە

سەدیق کەمانگەر سیمای درەوشاوە و خەباتکاری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، یەکێك لە بەناوبانگترین و خۆشەویست ترین ڕێبەرانی جەماوەری خەڵك و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، ئاژیتاتۆر و وتەبێژی ناودار و یەکێک لە کادرەکانی دامەزرێنەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو. زیاتر لە ٤ دەیە، هاوڕێ سەدیق ئارمانی کۆمۆنیسم و خەبات لە ڕێگای ڕزگاریی چینی کرێکاری کردبووە ئامانجی هەموو ژیانی و پاشان ئەو ئامانجەی لەگەڵ خەباتی کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕانە تێکەڵاو کرد. خەباتی ڕێکخراو و نهێنی لە ئەوەڵین مانگەکانی دامەزرانی کۆمەڵە، ڕێبەریکردنی بزووتنەوەی جەماوەریی لە ڕاپەڕینی خەڵك لە دژی حکوومەتی پاشایەتی، ڕێبەر و وتەبێژی باڵی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە لە بەرامبەر کۆنەپەرستانی مەحەلی و ئایینی لە باشووری کوردستان، زمانی پاراو و ئاگرینی خەڵك لە دژی ڕژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو لە جەرەیانی نەورۆزی خوێناویی سنە و ڕێبەریی شوڕای ئینقلابیی ئەمشارە، هیدایەت کردنی شەڕی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان وەك فەرماندەیەکی نیزامی، سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران و نووسەر و وتەبێژی بەهێزی ڕادیۆ کۆمەڵە، بەشداریی لە چالاکیی جۆراوجۆری سیاسی و تەشکیلاتی وەك ئەندامی کۆمیتەی ی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە. بێگۆمان، تەنیا گۆشەیەکە لە کارنامەی سیاسیی و پڕباری هاوڕێ سەدیق کەمانگەر

وێڕای بەڵێنیی درێژەی ڕێگای ئەم ئازیزانە هەتا وەدیهاتنی ئامانجە بەرزەکانیان، یادی گیانبەختکردوانی مانگی خەرمانان و سەرجەم گیانبەختکردوانی ڕێگای ڕزگاری کرێکاران و زەحمەتکێشان لە ستەمی نیزامی سەرمایەداریی، ڕێزلێدەگرین. بە ئۆمێدی ئەو ڕۆژەیکە جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامی، لە دادگای عەدالەتی جەماوەری ئازار چێشتووی ئێراندا موحاکمە بکرێن و نهێنیی جەنایەتە بێ ئەژمارەکانیان زیاتر ئاشکرا بێ و بە سزای شیاوی خۆیان بگەن

****

درێژە لە لاپەڕەی ٥




# ٢٨ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی هێرشی ڕژیم بۆ سەر کوردستان، ڕۆڵی کۆمەڵە و ئەزموونەکانی

ساڵڕۆژی هێرشی ساڵی ١٣٥٨ی ڕژیم بۆ سەر کوردستان لە کاتێکدایە کە لە سەروبەندی ساڵیادی دەستپێکی شۆڕشی ژینادایـن. شۆڕشێک کە چەخماخەکەی لە کوردستانەوە بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لێدرا. شۆڕشێک کە وەبیرهێنەرەوەی خۆ ڕ ا گر ییە کی سەرفەرازانەیە کە ٤٦ ساڵ لەمەوبەر لە کوردستانی شۆڕشگێڕ دەستپێکرد و شانازییەکی مێژوویی و دەستکەوتگەلێکی حاشا هەڵنەگری لەبەرامبەر بە یەکێک لە کۆنەپەرست ترین و سەرکوتگەرترین دەسەڵاتەکانی ئەم سەردەمەی بۆ خەڵکی کوردستان تۆمار کرد. بەڵام هێرش بۆسەر کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ ڕووداوێکی کتوپڕ و چاوەڕوان نەکراو نەبوو. لە ڕاستیدا ئەو هێرشە بەشێک بوو لە پرۆسەی سەرکوتکردنی شۆڕشی ئێران. ئەم سیاسەتە نەک لە ٢٨ی گەلاوێژەوە، بەڵکوو لە هەمان ڕۆژەکانی دوای بەدەسەڵاتگەیشتنی ڕەوتی کۆنەپەرستی ئیسلامییەوە خرایە کارنامەی کاریانەوە. لە کۆتاییەکانی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ و سەرەتای مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨، لە شارەکانی مەهاباد و سنە، بە فەرمانی فەرماندەی پادگانەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، خەڵک ئاگرباران کران. لە شاری مەهاباد ٢٠ کەس بە تەقەی ڕاستەوخۆ کوژران و لە شاری سنەش نزیکەی ٢٠٠ کەس بەهۆی تۆپبارانەوە گیانیان لەدەستدا. هەر لەو قۆناغەدا ڕژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو توانی بەشێک لە کۆنەپەرستانی خۆجێیی لەگەڵ خۆیدا هاوڕا بکات. چەکدارکردنی فیئۆداڵ و عەشیرەتەکان و ڕێکخستنیان لە ڕێکخراوێکی کۆنەپەرستانەدا بە ناوی "شۆڕای عەشایری کوردستان" و بەهێزکردنی ڕەوتی ئیسلامی بە ڕێبەرایەتی ئەحمەدی موفتیزادە لە سنە، لە زومرەی ئەو ڕێوشوێنانە بوون. لە ٣١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ لە شاری نەغەدە شەڕی نێوان دانیشتووانی تورک و کوردیان وەڕێخست و پاسدارەکانی ژێر فەرمانی مەلا حەسنی کۆنەپەرستیان بەمەبەستی کوشتن و تاڵانکردنی موڵک و ماڵی خەڵک ڕەوانەی ئەو شارە کرد

ڕۆژی ٢٣ی پووشپەڕ پاسدارانی کۆماری ئیسلامی تەقەیان لە خەڵکی شاری مەریوان کرد و بەهۆیەوە ٢٤ کەس گیانیان لەدەستدا و ٤٠ کەسیش بریندار بوون. لە شاری سنەش، لە ئەنجامی تەقەی پاسدارانی جێگیر لەو شارە، چەندین کەس گیانیان لەدەستدا. کاردانەوەی کۆمەڵە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش بەرامبەر بەم هەڵسوکەوتانە، لێبڕاوانە و شۆڕشگێڕانە و جەماوەریی بوو. خەڵکی کوردستان ڕیفراندۆمی ١٢ی خاکەلێوە بۆ دامەزراندنی حکوومەتی ئیسلامی لە ئێرانیان بایکۆت کرد. ڕووداوەکانی وەک مانگرتنی یەک مانگە لە شاری سنە بۆ وەدەرنانی پاسداران لەو شارە، کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان بۆ هەمان مەبەست، ڕێپێوانێکی شکۆدار لە سنە و شارەکانی دیکەی کوردستانەوە بەرەو مەریوان و چەندین چالاکیی دیکەی لەم چەشنە هەر لەو سەردەمەدا ڕوویاندا. کۆمەڵە کە لەشکرکێشی بەربڵاوی ڕژیمی بە ئەگەرێکی حەتمی دەزانی، هەوڵی دەدا خەڵکی کوردستان بۆ خۆڕاگریی و بەرخۆدانێکی درێژخایەن و چارەنووسسازتر ئامادە بکات

ڕەوتی ئیسلامی کە بۆ ماوەی چەند سەد ساڵ وەک دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتدا هەڵسوکەوتی دەکرد، لەو قۆناغەدا هەم لە سەرچاوەی دەوڵەمەندی دارایی، هەم لە شەبەکەی مزگەوت و مەلاکان لە سەرتاسەری وڵات، کە وەک ڕێکخراوێکی سەرتاسەریی خاوەن ڕێبەرییەکی یەکدەست چالاکییان دەکرد، لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی شا، خۆی بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی ئێران ئامادە کرد

لەو ڕووەوە کە ئەرتەش بێلایەنی خۆی ڕاگەیاندبوو، ئەم ڕەوتە دەستی بەسەر هەموو دامودەزگا و ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی شادا گرت و ئەوانەشی کە لە ئەنجامی شۆڕشدا تێکشکابوون، بە خێرایی نوێکردەوە. نە لیبراڵەکانی لایەنگری ڕۆژئاوا کە

درێژە لە لاپەڕەی ٦

پێشـــڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
Add:
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست باش
بڵاوبوونەوی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

پێشڕەو

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٦٥ -خەرمانانی ١٤٠٤ -ئەیلوولی ٢٠٢٥

درێژە ی لاپەڕەی٥

خۆیان لە ڕێکخراوەکانی سەر بە "بەرەی نیشتمانی"دا ڕێکخستبوو، توانییان متمانەی دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ مەترسی نفووزی یەکێتی سۆڤیەت بەدەست بهێنن و نە هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانیش بەهۆکاری جۆراوجۆر دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخسا کە هێز و پۆتانسێلە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان ڕێکبخەن. تەنیا لە کوردستان بوو کە ئەم پرۆسەیە بەپێی پلانی ڕەوتی ئیسلامی نەچووە پێشەوە و کوردستان چارەنووسێکی جیاوازی پەیدا کرد

پێش لە هێرشی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٥٨ بۆسەر کوردستان، خوێندکاران لە زانکۆکان سەرکوت کران. بزووتنەوەی تورکەمەن سەحرا غەڵتانی خوێن کرا. نارەزایەتییەکانی خوزستان زۆر زوو خامۆش کرا و کرێکارانی بەندەر ئەنزەلی و ئیسفەهان کەوتنە بەر دەستڕێژی گوللە. بەڵام کۆماری ئیسلامی پێویستی بە ئامادەکارییەکی زیاتر بوو بۆ ئەوەی بتوانێت کوردستان سەرکوت بکات. بۆیە پلانی هێرش بۆسەر کوردستان بە بەراورد لەگەڵ هێرشکردنەسەر دەستکەوتەکانی بەشەکانی تری خەڵکی ئێران، تا ڕادەیەک دواکەوت

هێرشی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٥٨ لە کاتێکدا دەستپێکرد کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەستی بەوە دەکرد توانایی پێویستی بۆ سەرکوتکردنی دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان بەدەستهێناوە. هێزەکانی ڕژیم لە دوو مێحوەری ورمێ و کامیارانەوە هێرشەکەیان دەستپێکرد. لە هەردوو مێحوەرەکەدا لەگەڵ بەرگریی قارەمانانەی هێزەکانی پێشمەرگە بەرەوڕوو بوونەوە. لەم قۆناغەدا ڕژیم توانی بەپشتبەستن بە باڵادەستی هێزی ئاسمانی و تۆپخانە، کوردستان داگیر بکات. لەو کاتەدا کۆمەڵە بەیاننامەیەکی لەژێر ناونیشانی "خەڵکی کورد لەبەردەم تاقیکردنەوە"دا بڵاوکردەوە و تیایدا خەڵکی کوردستانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرگریکردنێکی هەمە لایەنە بانگهێشت کرد. لە وەڵامی ئەو بانگەوازەدا، بڵێسەکانی خەبات و بەرخۆدان لە هەموو ناوچەکانی کوردستانەوە سەریهەڵدا

زۆری نەخایاند کە هێرشە غافلگیرانە و بەربڵاوەکانی هێزەکانی پێشمەرگە لە لایەک و نارەزایەتی هەر ڕۆژە و بەردەوامی جەماوەری خەڵک لەسەر شەقامەکان لە لایەکی ترەوە، دوای سێ مانگ، هاوسەنگی هێزی بە قازانجی خەڵک گۆڕی و ڕژیمی ناچار بە پاشەکشە و قبوڵی ئاگربەست و هاتنەسەر مێزی دانوستان کرد. گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە و ڕێکخراوە سیاسییەکان بۆ ناو شارەکان و پێشوازی گەرم و گوڕ و شکۆداری خەڵک لەو هێزانە و هەروەها گەشەسەندنی چالاکییە سیاسییەکان و شکڵگرتنی شۆڕا و ڕێکخراو و ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتی خەڵک بەسەر چارەنووسی خۆیاندا، بە کردەوە شکستی هێرشی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٥٨ی ڕژیمی ڕاگەیاند و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانی گەیاندە قۆناغێکی دیکە لە خەبات و بەرخۆدان. خەڵک و بەتایبەت لاوان داهێنەرانەترین شێوازەکانی ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتییان بەکارهێنا و لە زۆربەی شوێن و ناوچەکانی کوردستان کۆمەڵگایان بە شێوەیەکی تەندروست و دێموکراتیک بەڕێوەبرد و ئاسایشی گەڕەکەکانیان بە بەشدارکردنی جەماوەر مسۆگەر کرد. بەرنامەی دابەشکردنی خۆراک و کەرەستە پێویستەکانی خەڵکیان ڕێکخست. خزمەتگوزارییە پزیشکی و تەندروستییەکانیان دەستپێکردەوە. قوتابخانە و فەرمانگەکان بە کراوەیی هێڵرانەوە و بە کێشە و گرفتەکانی خەڵک ڕاگەیشتن و ئەخلاق و ڕەفتاری شۆڕشگێڕانە و مرۆڤدۆستانە ڕەواجی پێدرا. هەر لەو دەورەیەدا هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد پێکهێنرا و ئەم ناوەندە لە ئارایشێکی نیمچە بەرەییدا ئیدارەی کاروباری کوردستانی گرتە ئەستۆ لە ماوەی کەمتر لە ٦ مانگدا کە کۆماری ئیسلامی سەرقاڵی ئامادەکاری بوو

بۆ دەستپێکردنی هێرشێکی دیکە، کۆمەڵە سەرەڕای ئەو ئاستەنگ و ئاڵەنگارییانەی کە لە ناوخۆی کوردستاندا پێک دەهاتن، لە هەوڵی ئامادەکردنی بیروڕای گشتیدا بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێرشی سەرلەنوێ و چاوەڕوانکراوی ڕژیم بۆسەر کوردستان. ڕژیمی ئیسلامی خۆی لە دانوستاندنێکی ڕاستەقینە لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەدزییەوە و بە مانۆڕگەلێکی فریوکارانە دەرفەتی بۆ خۆی دەکڕی. سەرەنجام کاتێک ئامادەکارییەکانی خۆی تەواو کرد، دیسانەوە لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٩دا و ئەمجارەیان لە مێحوەری کامیاران_ سنەوە، هێرشی خۆی بۆسەر کوردستان دەستپێکردەوە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی نەیتوانی هیچ سەنگەرێک بەبێ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ خۆڕاگریی و بەرخۆدانێکی قارەمانانە داگیر بکات، خۆڕاگریی و بەرخۆدانێکی کە ساڵانێکە هەروا بەردەوامە و ڕژیمی لە کوردستان زەمینگیر کردووە. هەرچەندە ڕژیم دواجار توانی باڵادەستی نیزامیی بەدەست بهێنێت، بەڵام هەرگیز نەیتوانی خەڵکی کوردستان ناچار بە تەسلیم بوون و ملکەچکردن بکات. لە هەمان کاتدا کە خۆڕاگریی دژ بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەربڵاو و سەرتاسەری بوو، بەڵام هاوسەنگی هێزی ناوخۆ بۆ پێشخستنی بەرنامەی کۆمەڵە بەمەبەستی دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی جەماوەریی لە کوردستان، لە هەموو شوێنێک وەک یەک نەبوو. سەرەڕای ئەو جیاوازییانەی لێرە و لەوێ بوونی هەبوو، هەروەها سەرەڕای سنووردرابوونە زەمەنییەکەی، خەڵکی کوردستان بۆ یەکەمجار دەسەڵاتداریتی لەخوارەوە، واتە دەسەڵاتداریتی شۆڕایی و ئازادی بێ شەرت و مەرجی سیاسییان ئەزموون کرد. پاشماوەکانی سیستەمی فیئۆدالییان لەناوبرد و زەوی بوو بە موڵکی ئەو کەسەی کە کاری لەسەر دەکرد. ژنان لە ئاستێکی بەرفراواندا هاتنە ناو گۆڕپانی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان. گەرای پەروەردە و بارهێنانێکی پێشکەوتوو شکڵی گرت. بۆ یەکەمین جار خەڵک چیتر خۆیان لە ژێر باری ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەییدا هەست پێنەدەکرد. ئەو خۆڕاگرییەی کە دواتر لەدژی هێرشی ڕژیم هاتەئاراوە، لە ڕاستیدا بەرگریکردن بوو لەو دەستکەوتانە

بنەڕەتی ترین کەم و کووڕی، بریتی بوو لە نەبوونی ئەزموون و نەبوونی دەرفەت بۆ ئامادەکردنی کادر و ستافێکی بەتوانا بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی کوردستان. ئەو خەڵکەی کە دەیان ساڵ دەسەڵاتی ستەم و چەوساندنەوەی پاشایەتییان تێپەڕ کردبوو، هەروەها ڕێکخراوێکی کە لە دڵی کۆمەڵگایەکی پڕ لە خەفەقاندا سەری هەڵدابوو، بەم نەهێشتنی کەم و کوڕییەکانی خۆیان پێویستیان بە کات بوو. هەڕەشەی هێرشی کۆماری ئیسلامی و دروستبوونی فەزای شەڕ لە کوردستان، بە ناچاری خەباتی چەکداریی لەچاو هەموو جۆرەکانی دیکەی خەبات و خۆڕاگریی کرد بە ئەولەویەتی سەرەکی و دەرفەتێکی گونجاو بۆ چەسپاندن و پەرەپێدانی ئەو دەستکەوتانە نەڕەخسا

گرنگترین و چارەنووسسازترین ئەزموون ئەوەیە کە نابێت لە ڕێکخستنی دەستبەجێی شۆڕاکانی شوێنی کار و ژیان غافڵ بین و کات بە فیڕۆ بدەین. پێویستە خەڵک لەگەڵ هەڵکردنی یەکەم شنەبای ئازادیدا، دەسەڵاتی خۆیان لەخوارەوە دابمەزرێنن. لەم پێوەندییەدا لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی شۆڕای گەڕەکەکان لە شاری سنە (بنکەکان) زۆر گرنگە. ئەمە خاڵی سەرەکییە. پێویستە پلانی پێشوەختە هەبێت بۆ وەڵامدانەوەی خێرا بە پێداویستییە ئابوورییە بەپەلەکانی خەڵک و بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ گرفتە ئابوورییەکان نەخشە ڕێگای گونجاو هەبێت، دەبێ بیر لە پووچەڵکردنەوەی پیلانی دابەشکاری و دوبەرەکی دروستکردنە نەتەوەیی و ئایینییەکان بکرێتەوە، پێویستە بە شێوەیەکی دڵسۆزانە و بەرپرسیارانە هەوڵی نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی بدرێت و بۆ ئەو مەبەستە نەخشەڕێگای دیاریکراو هەبێت. دەبێ بەپێی نەخشەڕێگایەکی کرداریی، خەڵک لەوە دڵنیا بکرێتەوە کە کۆمەڵگەی

درێژە لە لاپەڕەی ٧

**لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا**

@Komalamedia

@Komala

**ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

Tvkomala.com

**ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام**

Payaam.net

**ماڵپەڕە حیزبیەکان**

Komalah.org

Cpiran.net

yadihawrean.com

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٦٥ -خەرمانانی ١٤٠٤ -ئەیلوولی ٢٠٢٥

درێژە ی لاپەڕەی٦

کوردستان نابێتە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەی گروپە چەکدارەکان، ڕادیکالیزم لەم بوارانەدا مانا پەیدا دەکات. بە دیتنی ڕۆڵی حیزبێکی توندڕەو، کە بێگومان غەیرە کرێکاریش دەبێت، ناتوانرێت ئەم کۆمەڵگایە لە ڕێڕەوە سەخت و پڕ لە کۆسپ و ئاڵەنگارییەکان تێپەڕێنرێت. سەرجەمی ئەم پرس و ئەزموونانە لە مێژووی ٤٤ ساڵەی کۆمەڵە و کۆمەڵگای کوردستاندا بەرچاو دەکەوێت

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا حەرەکەتگەلێک لە ڕوی کۆمەڵایەتی و خەباتی پێشکەوتنخوازانە لە کوردستاندا ڕوویانداوە کە دەریدەخەن بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە قووڵایی کۆمەڵگادا خەریکە پەرەدەسێنێت. شۆڕشی شکۆداری ژینا نموونەی زیندووی بەردەوامبوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانە. خۆپیشاندانە بەربڵاوەکانی سەرشەقام، مانگرتنە سیاسییەکان و ئەو داهێنانە جەماوەری و مەدەنییانەی کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا دژ بە کۆماری ئیسلامی شاهیدیان بووین، نموونەگەلێکی درەوشاوەن لە زیندوویەتی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەریی. بەڵام شۆڕشی ژیناش ڕووداوێکی بێ کۆنتێکست و برووسکەیەک نەبوو لە ئاسمانی بێ هەوردا. سەیری مانگرتنی گشتی چەند شارێکی کوردستان بکەن بۆ پشتیوانی لە کۆڵبەران، هەروەها هاودەنگی کەم وێنەی خەڵک لە کاتی بوومەلەرزەکەی پارێزگای کرماشان، ئەو کارنەڤاڵە گەورەیەی کە بۆ ڕێزلێنان لە شۆفێرێکی قارەمان کە لە کاتی گەیاندنی هاوکاریدا گیانی بەختکرد، پشتیوانی بەربڵاوی جەماوەریی لە بزووتنەوەی حەقخوازانەی ڕۆژاوا بێننە بەرچاو، سەیری پاڵپشتی لە خەڵکی کوردستانی عێراق بکەن بەرامبەر بە ستەم و ملهوڕییەکانی حکومەتی ناوەندی عێراق، سەیری بزووتنەوە جەماوەرییەکان بۆ بەرگریکردن لە ژینگە، خۆڕێکخستنە درەوشاوە جەماوەرییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پەتای کرۆنا، بەرخۆدانی ژنان لە بەرامبەر سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ و ڕێژەی بەرچاوی ئەو هەڵسووڕاوە کرێکاریانەی کە لە ئاستێکی سەرتاسەریدا خاوەن کاریگەری و ئیعتیبارن. سەرجەمی ئەمانە ئەوە دەردەخەن کە کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش و ستەمدیتوو لە کوردستان سوننەتەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خۆیان دەپارێزن و بەرەو پێشەوەی دەبەن. لە وەها بارودۆخێکدا پێویستە بە هەموو تواناوە هەوڵ بدرێت بۆ ئەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان کە خاوەنی هەگبەیەکی پڕ لە ئەزموونی بەنرخە، لەگەڵ ئەو بزووتنەوە سەرتاسەرییەی کە لەپێناو نان و ئازادیدا کەوتۆتەڕێ لێک هەڵپێکرێن. نابێ مەیدان بدرێت بە هێزە کۆنسرواتیڤ و ناسیۆنالیست و ڕوانگە گۆشەگیرخوازەکان، ئەو بۆچوونە پەرە پێبدەن کە گۆیا حەرەکەتە مافخوازانە و سەرتاسەرییەکان پێوەندییان بە خەڵکی کوردستانەوە نییە. دەبێ هەوڵ بدرێت سەرجەم توانایە بەردەستەکان و توانایە نوستوو و ناچالاکەکان وەگەڕ بخرێن. شۆڕشی ژینا تا ئەم ساتە ڕێگای نیشانداوە. پێویستە لە ئەزموون و کەموکوڕییەکانی تا ئێستای ئەم شۆڕشە وانە وەربگیرێت و بە کەمترین زەرەر و زیان زۆرترین دەستکەوت بەدەست بێت و هەنگاو بە هەنگاو ڕێگای سەرکەوتن خۆش بکرێت

****

بەمجۆرە ئاگادارتان دەکەینەوە کە پلینۆمی هەشتەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە هەڵبژێردراوی کۆنگرەی هەژدەیەم، لە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە ٦ و ٧ی سێپتامبری ٢٠٢٥ بە بەشداری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە و بەشداری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ئەندامانی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات و کۆمەڵێک لە کادرەکانی حیزب بەڕێوە چوو.




پلینۆم بە سروودی ئینترناسیۆناڵ و خولەکێک بێدەنگی بۆ یادی گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم دەستی بە کارەکانی کرد. کارنامەی ئەم پلینۆمە بریتی بوون لە ڕاپۆرتی سیاسی و تەشکیلاتی کۆمیتەی ناوەندی بە پلینۆم، سیاسەت بەرامبەر بە حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و چەکدارەکانی چالاک لە کوردستان، دیاریکردنی بەرواری بەڕێوەچوونی کۆنگرەی نۆزدەهەم، تاوتوێکردنی بڕیار و پێشنیارەکان، دابەشکردنی ئەرک و کاری ناوخۆیی و ڕێکخستنی ئۆرگانە ناوەندییەکانی کۆمەڵە. ڕاپۆرتە سیاسییەکە چاوخشاندنێک بەسەر گرینگترین پێشهاتەکانی ناوچەکە، ڕەوتە سەرەکییەکانی دۆخی سیاسی ئێران و بارودۆخی سیاسی کوردستان و هەروەها ئەولەوییەتەکانی ئەم قۆناغەی چالاکیی سیاسی و تەشکیلاتی کۆمەڵەی لەخۆگرتبوو لە ڕاپۆرتە سیاسییەکەدا جەخت لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە کراوەتەوە:

کۆمەڵگای ئێران لەبەردەم گۆڕانکاریدایە و ئەو ململانێ سیاسی و چینایەتیانەی کە هەرئێستا لە هەناوی ئەم کۆمەڵگایە و هەروەها لە ئاستە بەرزەکانی دەسەڵاتدا لە ئارادان، لە داهاتوویەکی نەک زۆر دووردا دەبێتە هۆی نەبەردێکی یەکلاکەرەوە و چارەنووسساز بۆ دیاریکردنی داهاتووی سیاسی ئێران. کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا لە دۆخێکی نە شەڕ و نە ئاشتیدایە. دەسەڵاتداران دوای شەڕی ١٢ ڕۆژە بە ئاشکرا تووشی شپرزەیی و سەرلێشێواوی بوون. ناوەندەکانی بڕیار پارچە پارچە بوون. بەرپرسان بە ئاشکرا خەتی یەکتر ناخوێننەوە. ستراتێژی مانەوە تەنانەت بۆ خودی ڕژیمیش ڕوون نییە. ئەو شۆکەی کە بەهۆی نفووز وکاریگەریی بەربڵاوی دەزگای هەواڵگری ئیسرائیل لە ئاستە بەرزەکانی حکومەتدا دروست بووە، بەرپرسانی ڕژێمی تووشی ترس و دڵەڕاوکێ کردووە. لەسەر ئاستی کۆمەڵگا، خەڵک وردە وردە خەریکن لەو هەلومەرجە دێنەدەرەوە کە بەهۆی شەڕی ١٢ ڕۆژە دروست بوو. بزووتنەوە نارەزایەتییەکان لە پێناو پرسی نان، کار و بژێوی ژیاندا دەستیان پێکردووەتەوە و خەریکن پەرە دەستێنن. کرێکاران و زۆربەی هەرەزۆری جەماوەر بە دژوارترین قۆناغی ژیانیاندا تێدەپەڕن. پەرەسەندنی پەراوێزنشینانی بێبەش لە کەمترین خزمەتگوزارییەکانی شار، پەرەسەندنی تاوان و تاوانکاری، زیادبوونی کاری منداڵان، گەڕان لەناو زبڵ و پاشماوەکان، خەوتن لەناو کارتۆن، لەشفرۆشی، زیادبوونی ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان، جیابوونەوە و توندوتیژی خێزانی، دارمانی ئەخلاقی، کەمبوونەوەی ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی و هتد... سەرجەمیان لە زومرەی لێکەوتە و دەرئەنجامەکانی ئەم دۆخەن. یەکێک لە تاڵترین نموونەکانی هەژاریی لە ئێران بریتییە لە فرۆشتنی ئەندامەکانی جەستە. کەم نین ئەو کەسانەی کە گورچیلە یان ئەندامەکانی تری جەستەیان دەفرۆشن بۆ ئەوەی بژێوی ژیانیان دابین بکەن، کە ئەم نموونەیە بە تەنهایی قووڵایی ئەم قەیرانە نیشان دەدات

پلینۆم هەروەها ئەگەری کۆمەڵێک سیناریۆی جۆراوجۆری داهاتووی شرۆڤە کرد، لەوانە یەکەم، دانوستان لەگەڵ ئەمریکا: کە ئەگەریش بەڕێوە بچێت، ئەنجامەکانی بەکردەوە لە باشترین حاڵەتدا ناتوانێت جگە لە"سازشێکی ئابڕومەندانە" شتێکی تر بێت. چونکە کۆماری ئیسلامی دوای ڕووداوە یەک لە دوای یەکەکانی دوو ساڵی ڕابردوو،، کە بووە هۆی دارمانی نفووز و جێگە و پێگەی ناوچەیی ڕێژیم و بە تایبەتیش دوای شەڕی ١٢ ڕۆژە، کۆماری ئیسلامی هیچ کارتێکی گوشاری بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئیمتیاز لە ئەمریکا بەدەستەوە نییە. بەڵام قبوڵکردنی داواکارییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بە ئەگەرێکی زۆر دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ڕێبەریدا

دووەم، بەردەوامیی سەرسەختی و هەوڵدان بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی هێز و کەرەستەکانی شەڕ، سیاسەتێکی لەم شێوەیە بێ گومان دەبێتە هۆی شەڕێکی زۆر ماڵوێرانکەرتر و شکستێکی توندتری لێدەکەوێتەوە. بەڵام سەرەنجام کۆتایی هەموو شەڕێک بریتییە لە دانوستان و گفتوگۆ کردن. دانوستانێک کە ئەمجارە مەرجی زۆر سەختتر بەسەر کۆماری ئیسلامیدا دەسەپێنێت. لە ئاوا حاڵەتێکدا پێشبینی دەکرێت گۆڕانکاری بەرچاو لەناو بازنەی دەسەڵاتداریێتی ئێرانیشدا ڕوو بدات

سێهەم، پلانی ڕیفۆرمخوازان بۆ تێپەڕکردنی کۆماری ئیسلامی لەم دۆخەی ئێستا بەبێ شەڕ و شۆڕش. بۆ ئەم مەبەستە باڵە جۆراوجۆرەکانی ڕیفۆرمخوازانی ناو حکوومەت یان دوورخراوە لە دەسەڵات، پلان و گەڵاڵەی

درێژە لە لاپەڕەی ٨

درێژە ی لاپەڕەی ٧

جۆراوجۆریان بەدەستەوەیە. لەگەڵ دەستپێکی پرۆسەی دارمانی ڕێژیم، ئەم بەشە لە ڕیفۆرمخوازان وێڕای ئۆلیگارشیی ئابووریی سپای پاسداران، کە لە پشت پەردەوە چاوەڕوانی دەرفەتێکی ئەوتۆن، توانای ئەوەیان هەیە کە تەنانەت بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت ببنە بەدیلێک بۆ دۆخی ئێستای ڕێژیم

چوارەم، بەردەوامبوونی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، کە سەرەنجام دەتوانێ ببێتە هۆی ڕووخانی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی

لە پلینۆمی حەوتەمی کۆمیتەی ناوەندیدا باس لە ڕۆڵی کۆمەڵە و سیاسەت و ئاراستەکانمان کرابوو و پلینۆمی هەشتەمیش جەختی لەسەر هەمان ئاڕاستە کردەوە. سەبارەت بە کوردستان، پلینۆم لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە لە ئەگەری ڕوودانی سیناریۆی لاوازبوونی حکوومەت لە ناوەندا، ئەگەری دوو سیناریۆی سەرەکی لە ئارادایە. یەکەم: کوردستان دەکەوێتە دۆخێکی شۆڕشگێڕانە و هێزەکانی ڕژیم تێکدەشکێن، ئیدارەی کۆمەڵگا دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی دامەزراوە جەماوەرییەکان. گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی و بزاڤی وشیارانەی چەند مانگی ڕابردوو لە کوردستان و لە هەمووی گرنگتر ئەزموونی شۆڕشی ژینا، نیشانیان دا کە لە کۆمەڵگای کوردستاندا پۆتانسیێلێکی زۆر هەیە بۆ ڕوودانی سیناریۆیەکی لەو شێوەیە. هەر لەو پێوەندییەدا کۆمەڵە پەرەپێدان بەم بزووتنەوە مەدەنییە و نیشاندانی ڕێگای بەرەوپێشچوونی، بە ئەرکی سەرەکی خۆی دەزانێت لەم قۆناغەدا. سیناریۆی دووەم، کە ناکرێت لەبەرچاو نەگیرێت، بریتییە لە زاڵبوونی حیزبە چەکدارەکان لە غیابی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی لە کوردستاندا. سیاسەتی کۆمەڵە لەم پێوەندییەدا دەبێ ئەوە بێت کە ڕوودانی سیناریۆیەکی لەو شێوەیە، کە دەتوانێت زۆر مەترسیدار بێت، مەحاڵ و پووچەڵ بکاتەوە

پلینۆم هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە: لە هەلومەرجی ئێستادا، کاتێک ژیانی چینی کرێکار و بەشێکی زۆری چین و توێژە زەحمەتکێش و بێبەشەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگا و تەنانەت نەوەکانی داهاتووی ئێرانیش مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە، تەنها بە شکڵگرتن و وەڕێکەوتنی بزووتنەوەیەکی بەهێزی داواکاریی تەوەر دەتوانرێت بەر بەم لەناوچوونە بگیرێت. بۆ پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی بەهێزی داواکاریی تەوەر، پێویستە ئەو خەبات و ناڕەزایەتییانەی ئێستا لەم دۆخی پەرشوبڵاویە بێنە دەرەوە. پێویستە ویست و داواکاری بەپەلەی چینی کرێکار، ببێتە پرسی سەرجەم کرێکارانی لەسەرکار و بێکار، ژن و پیاو، لێهاتوو و نالێهاتوو، فەرمی و نافەرمی، لە ئاستی سەراسەریدا. بەدیهاتنی ئەم بابەتەش پەیوەستە بە فراوانبوون و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هەڵسووڕاوانی کرێکاریی لە ئاستی سەراسەریدا. بە بەشداری چالاکانە لە خەبات و ناڕەزایەتییەکانی ئێستای کرێکاران، بە بەهێزکردنی ڕۆحی هاوپشتی چینایەتی لەم خەباتانەدا و گەیشتن بە ئاسۆیەکی ڕوون، دەکرێت هاوسەنگی هێزی چینایەتی بە قازانجی کرێکاران بگۆڕدرێت و بزووتنەوەی کرێکاریی پێگەیەکی گونجاوتر بەدەست بهێنێت بۆ خۆڕێکخستن و گەیشتن بە خواستەکانی

پلینۆم لە درێژەی دانیشتنەکانیدا، وادەی بەستنی کۆنگرەی نۆزدەهەمی کۆمەڵەی دیاریکرد و هەروەها لەسەر هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی هاوکاری لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کە لە کۆنگرەی ١٨دا پەسەند کرابوون سەرلەنوێ جەختی کردەوە و ئەرکی تایبەتیی بۆ بەرەوپێشبردنی بەکردەوەی ئەو سیاسەتە لە قۆناغی ئێستادا دەست نیشانکرا

لە کۆتایی پلینۆمەکەدا ئۆرگانە ناوەندییەکانی کۆمەڵە ڕێکخرانەوە و جێگە و پێگەی هەرکام لە هاوڕێیانی تێدا دیاریکرا. لە کۆتاییدا بڕیاردرا کە سیاسەتە پەسەندکراوەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، لە ڕێگەی سیمیناری تایبەتمەندەوە بە وردی بخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە و بکرێن بە ڕێنماییەکی دیاریکاو

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**١٧ی خەرمانانی ١٤٠٤**
**٨ی سێپتامبری ٢٠٢٥**

****




بەمجۆرە پێتان ڕادەگەیەنرێت کە پلینۆمی سێیەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ڕۆژی شەممە ١٣ی سێپتامبری ٢٠٢٥ بە بەشداری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و هەروەها کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە و کۆمیتەی تەشکیلاتی دەرەوەی حیزب کە وەک چاودێر بانگهێشت کرابوون، بەڕێوە چوو

پلینۆمەکە بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ و خولەکێک بێدەنگی بۆ یادی گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم دەستی پێکرد

ڕاپۆرتی سیاسی تایبەت بوو بە شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسی ئێران و گرینگترین پێشهاتە جیهانییەکان. هەروەها ڕاپۆرتی تەشکیلاتیش چالاکیی ئۆرگانەکانی حیزبی لە نێوان هەردوو پلینۆمدا لەخۆ گرتبوو. هەردوو بەشی ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن بەشداربووانی پلینۆمەوە تاوتوێ کران و لە هەندێک حاڵەتدا پێداچوونەوەیان بۆ کرا و دەوڵەمەندتر کران. سیاسەتی حیزب بەرامبەر بە هێزە چەپ و سۆسیالیستەکان، ڕێوشوێنەکانی ئێستا بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب سەبارەت بە پێداچوونەوە و نوێکردنەوەی بەڵگەنامە بنەڕەتییەکانی حیزب و دابەشکردنی کاری ناوخۆیی کۆمیتەی ناوەندی، لە زومرەی بوارە سەرەکییەکانی دیکەی کاری پلینۆم بوون

پلینۆم لە بەشی قسە و باس لەسەر بارودۆخی سیاسی ئێران، جەختی لەوە کردەوە کە کۆماری ئیسلامی بە بەراورد لەگەڵ مێژووی ٤٦ ساڵی ڕابردووی، لە هەموو کاتێک زیاتر لەناوخۆیدا تووشی شپرزەیی بووە، توانای بڕیاری یەکگرتووی نییە و هێڵی ستراتیژی مانەوەی خۆی گوم کردووە. دوای شەڕی ١٢ ڕۆژە، ئەم ڕژیمە کەوتۆتە دۆخێکەوە کە یان دەبێت بچێتە ناو شەڕێکی دیکە لەگەڵ ئیسرائیل و ئەگەری هەیە لەگەڵ ئەمریکاش، یان دەبێ مەرجەکانی ئەمریکا قبوڵ بکات. بەڵام ڕوودانی هەریەک لەم دوو سیناریۆیە بە ناچاری دەزگای ڕێبەرایەتی ڕژیم لە سەرەوە دەخاتە بەردەم گۆڕانکاریی لە ناوخۆیدا و ئەم ململانێیە ڕژیم هەرچی زیاتر لاواز دەکات

لە لایەکی دیکەوە دۆخی ئابووری و بژێوی ژیانی کۆمەڵانی خەڵک، گرانی، بێکاری و هەژاریی لە ڕادەبەدەر گەیشتووەتە لوتکە. هاوشانی ئەم دۆخە، پەرەسەندنی زیانە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان، لەشفرۆشی، کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک، کاری منداڵان، زیادبوونی نائاسایی تاوان و تاوانکاری، پەرەسەندنی تەڵاق و پچڕانی شیرازەی بنەماڵە و هتد، سیمای کۆمەڵگای ئێرانی لێڵ کردووە

لەم هەلومەرجەدا ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی بە ئاراستەی ڕوخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری

درێژە لە لاپەڕەی ٩

درێژە ی لاپەڕەی ٨

ئیسلامی، تەنیا لە ڕێگەی گەشەکردن و پەرەسەندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکانی وەک بزووتنەوەی کرێکاریی، بزووتنەوەی ژنان و لاوان، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و گەشەکردنی ئاستی ڕێکخراوبوون و شکڵگرتنی ڕێبەرایەتی لە هەناوی ئەو بزووتنەوانەدا مومکین دەبێت. ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی" کە خەبات لەپێناو ئازادی و دژی ستەمکاریی بە خەبات لەپێناو "نان"ەوە گرێداوە، تروسکاییەکی هیوای خستۆتە دڵی ئەم کۆمەڵگایەوە و نیشانەی توانایی ناوخۆیی کۆمەڵگایە بۆ گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵ و پێشکەوتنخوازانە

پلینۆم هەروەها لە چوارچێوەی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ئیجراییدا، چووە سەر باس لەسەر دوایین پێشهاتە جیهانییەکانی وەک ڕووداوەکانی ئەندۆنزی، نیپاڵ، قەیرانی فەڕانسە و کاریگەرییەکانی ڕوو بە دەرەوەی ئەم ڕووداوانە. لە پلینۆمەکەدا جەخت لەوە کرایەوە کە زۆربەی ئەم ڕووداوانە ڕەنگدانەوەی قەیرانی ئابووری جیهانی و سیاسەتی زگهەڵگوشینی دەوڵەتە سەرمایەدارییەکانە، کە قورسایی هەزینەکانیان خستۆتە سەر شانی چینی کرێکار و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگا. هەروەها شەڕی ئۆکراینیش بە چوونەسەرەوەی هەزینە سەربازییەکانی، بارگرانییەکی زۆری دارایی بەسەر ژیانی کرێکاران و خەڵکی کەمداهاتی ئورووپادا سەپاندووە

باسی وردتر سەبارەت بە بابەتە سەرەکییەکانی ڕاپۆرتەکە، لە ماڵپەڕ و بڵاوکراوەکانی حیزبدا ڕەنگ دەداتەوە

بەشی کۆتایی پلینۆمی سێهەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، بریتی بوو لە دابەشکردنی ئەرکە ناوخۆییەکانی کۆمیتەی ناوەندی و هەریەک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، ئەرکێکی دیاریکراویان لە ئۆرگانە سەرەکییەکانی حیزبدا گرتە ئەستۆ. هەروەها هاوڕێیان سروە ناسری، ئیبراهیم عەلیزادە، فەرشید غەفارنەژاد، وریا نازری و ئەسعەد ڕۆستەمی وەک هەیئەتی ئیجرایی حیزب هەڵبژێردران و ئەرکی ڕێبەرایەتی تەشکیلاتی حیزبیان لە مەودای نێوان هەردوو پلینۆمدا لە ئەستۆ گرت

**کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**١٥ی سێپتامبری ٢٠٢٥ بەرامبەر بە ٢٤ی خەرمانانی**

****




سیستەمی سەرمایەداری جیهانی گۆڕەپانی دژوازی چینایەتی و کۆمەڵێک ململانێ و کەموکوڕییەکانی ترە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەم سیستەمە قۆناغێکی ڕابووردە لە مێژووی مرۆڤایەتی. بەڵام ئەوەی کە دەسەڵاتداران و بەرگریکارانی ئەم سیستەمە دەیانەوێت مرۆڤایەتی باوەڕی پێبکات، پێچەوانەی ئەم واقیعەیە. ئەوان مەبەستیان ئەوەیە کە ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی ئێستا وەک دوا قۆناغی گەشەسەندنی مێژوو و هەروەها باشترین سیستەمی بەردەست، کە دەتوانێت زۆرتری خۆشگوزەرانی و ئازادی بۆ زۆربەی هەرەزۆری ئەندامانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دابین بکات، نیشان بدەن. هەرچەندە تەنانەت لایەنگرانی سیستەمی سەرمایەداریش خۆیان ناتوانن نکۆڵی لە کۆمەڵێک لایەنی زیانبەخشی ئەم سیستەمە بکەن، لە کاتێکدا توانایی ئەم سیستەمە بۆ پێکهێنانی چاکسازیی لەناوخۆیدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سنووردارتر دەبێت، بەڵام بەردەوام جەخت لەسەر دڵخوازبوونی دەکەنەوە و داوا لە خەڵکی ناڕازی دەکەن کە ملکەچی ئەو سیستەمە بن. ئەوە لە کاتێکدایە کە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ لەم سەردەمەدا زیانێکی زۆری بەرکەوتووە، زیانێک کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەم سیستەمەدا ئاسۆیەک بۆ قەرەبووکردنەوەیان بەدیناکرێت. واقیعییەت ئەوەیە کە جیهانی ئێمە لە ژێر هەژموونی سیستەمی سەرمایەدارییدا ڕووبەڕووی مەترسیی جددی بۆتەوە. هەر ئێستا بە ڕادەی چوار هێندەی لەنابردنی تەواوەتی ژیان لەسەر گۆی زەوی چەک و چۆڵی ئەتۆمی و کۆمەڵکوژ لە جبەخانەی وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا کۆگا کراوە. ژینگە بە شێوەیەکی سیستماتیک و بێباکانە لەناو دەچێت. بەڵام ئەمە هەموو داستانەکە نییە. لە دونیایەکدا کە لە ئەنجامی کاری داهێنەرانەی مرۆڤدا نوقمی سامان و نیعمەت بووە، هێشتا سەدان ملیۆن کەس شەوانە بە برسێتی سەردەنێنەوە. سەدان ملیۆن کەس شوێنی حەوانەوەیان نییە، سەدان ملیۆن کەس لە گۆشە و کەناری ئەم جیهانە ئاوارە و دەربەدەر بوون. سەدان ملیۆن کەس تووشی زیانە کۆمەڵایەتییە ئازاربەخشەکان بوون. هێشتاش شەڕە وێرانکەرەکان گیان و ژیانی ملیۆنان کەس لەناو دەبەن و بەرهەمی ڕەنج و کاری مرۆڤەکان وێران دەکرێت. جینۆسایدی خەڵکی فەلەستین بە دڕندانەترین شێوە لەلایەن دەوڵەتی جینایەتکاری ئاپینی ئیسرائیلەوە لەبەر چاوی ڕای گشتی جیهاندا بەڕێوەدەچێت و شەڕی نێوان ڕووسیا و پەیمانی ناتۆ لە ئۆکراین، بۆتە هۆی کوژرانی یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار کەس و هەروەهاش بەردەوامە پەیوەندییەکانی سیستەمی سەرمایەداری، نەک هەر بەهۆکاری بیر و باوڕ و ئەخلاقی و بەهاکان، بەڵکوو بە هۆکارگەلێکی تەواو بابەتیی و ماددی، بووەتە هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر مرۆڤایەتی و وەک قۆناغێکی مێژوو، بە ناچاری لە ناو خۆیدا تۆوی لەناوچوونی خۆی پەروەردە کردووە. هەر ئەم ڕاستییە پێویستی تێپەڕبوون لێی کردووە بە بابەتێکی مومکین، بەپەلە و حەتمی هاوکات لەگەڵ ئەم پێشهاتە کۆمەڵایەتیانە، تەقینەوەی زانیاری، پەرەسەندنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تەکنەلۆژیای نوێی وەک زیرەکی دەستکرد و ڕۆبۆتیک لەگەڵ ئەوەی ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤیان هەنگاوێکی گەورە بەرەو پێشەوە بردووە، لە هەمان کاتدا ئەگەر هەروا لە دەستی سیستەمی سەرمایەداریدا بمێننەوە، دەتوانن لە ئایندەیەکی نزیکدا کار و پیشەی ملیۆنان کەس بخەنە مەترسییەوە و هەروەها نایەکسانی هەرچی زیاتر لە جیهاندا پەرەپێبدەن

دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و کۆتایی هاتنی شەڕی سارد، ئەمریکا وەک سەرکەوتووی سەرەکی ڕایگەیاند کە نەزمێکی نوێی جیهانی دەستی پێکردووە. بەڵام هەر زۆر زوو ئەم ئیدیعایە لەگەڵ قەیرانی جۆراوجۆری ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرەوڕوو بووەوە. قەیرانی

درێژە لە لاپەڕەی ١٠

درێژه ی لاپەڕەی ٩

ئابووری پێکهاتەیی، پەتا کوشندەکەی کۆڤید ١٩، قەیرانە ژینگەیی و شەڕە وێرانکەرەکان هەموویان ئاماژەن بۆ ناکارایی و قەیرانسازی ئەم سیستەمە جیهانییە. ئەم قەیرانانە دەریانخستووە کە گلۆبالیزمی سەرمایەداری نەک هەر توانای چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکانی مرۆڤایەتی نییە، بەڵکوو کەلێنە چینایەتییەکانی قووڵتر کردووەتەوە و فەرهەنگەکانی وەک ڕەگەزپەرستی و ژنکوژی و فاشیزمی بەهێزتر کردووە. لەم هەلومەرجەدا، سەرهەڵدانی گرووپە بناژۆخوازەکان و پەرەسەندنی مەترسیی شەڕ، جیهانی بەرەوڕووی مەترسییەکی جددی کردۆتەوە

لە ئێران کەلێنە سیاسییەکانی نێوان دەسەڵاتداران لەسەر بنەمای ستراتیجی جیاواز بۆ مانەوە، خەریکە پێک دێن. کۆماری ئیسلامی بە گشتی لە ئەنجامی پێشهاتە ناوچەییەکان (شەڕی ١٢ ڕۆژە، شکستی حیزبوڵڵا لە لوبنان، ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد لە سووریا، داڕمانی هێزە بە وەکالەتی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە، هەروەها گەمارۆ ئابوورییەکان و سیاسەتی زۆرترین گوشاری ئەمریکا)، ناڕەزایەتی، ئاخێز و خەباتی جەماوەری، بە ڕادەیەکی زۆر لاواز بووە. دۆخی ژیانی زۆربەی هەرەزۆری خەڵک خراپتر بووە. هەژاری و بێکاری و زیانە کۆمەڵایەتییەکان بەربڵاوتر بووە. هاوکات لە درێژەی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا، بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بەهێزتر سەریان هەڵداوە. ویست و داواکارییەکانی چینی کرێکار و توێژە ناڕازییەکان بەهۆی ڕەفتاری سەرکوتگەرانەی ڕێژیمەوە خەریکە ئاراستەی سیاسی بەخۆوە دەگرن و تەواوەتی دەسەڵات دەبەنە ژێر پرسیار. بەم مانایە قەیرانی سیاسیی ڕێژیم لەم قۆناغەدا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دۆخی ئابووری و بژێوی خەڵکەوە هەیە. نەهامەتی ئابووری، گەندەڵی دارایی و حکوومی، نزمیی ئاستی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، بێکاری، بێ ئاسۆیی گەنجان، هەژاریی لە ڕادەبەدەر و کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات، ناوەڕۆکی قەیران و داواکارییەکانی جەماوەری ناڕازی لە هەموو شوێنێک پێکدەهێنن.

پێویستە قەیرانی ئاو و کارەبا و ژێرخانی وێرانیش بە هەموو ئەمانەوە زیاد بکرێت. دۆخێکی کە حکوومەت خۆی بە کردەوە تێیدا بووەتە چاودێرێکی پاسیف. لەمڕووەوە جەماوەری بەشدار لەو ئاخێز و ناڕەزایەتیانەدا، لە زومرەی بێبەشترین بەشی ئەم کۆمەڵگایە، واتە بێکاران، کرێکاران، موعەلیمان، پەرستاران، مووچەخۆران و خەڵکی پەراوێزی شارەکانن. بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەمانە، ئەگەر گۆڕانکارییەک لە ئاستی سەرەوەی ڕێژیمدا چاوەڕوانکراو بێت، ئەوا ئاستی خوارەوەی کۆمەڵگاش لەبەردەم تەقینەوەدایە. هیچ نیشانەیەک لە ئاسایی بوونەوەی دۆخەکە بەرچاو ناکەوێت. تایبەتمەندی ئێستای کۆمەڵگای ئێران بوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە. بزووتنەوەی کرێکاریی، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، موعەلیمان، قوتابیان، دادخوازان، پەرستاران، خانەنشینان، بزووتنەوەی ئازادیخوازی و بزووتنەوەی ژنان. لە وەها هەلومەرجێکدا، چواردەهەمین کۆنفرانسی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتی حیزب، هاوتەریب لەگەڵ ئامانج و ستراتیژ و سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ئەم ئەولەویەتانەی خوارەوە دەخاتە دەستووری کاری خۆیەوە

- بەهێزکردنی حیزبییەت: پتەوکردنی ڕێکخراوی حیزب و بنیاتنانی چالاکییەکانی لەسەر پابەندبوون بە بڕگەکانی ئەساسنامە یان پەیڕەوی ناوخۆ، بەرزکردنەوەی ئاستی چاوەڕوانییەکان لە ئەندامانی ئۆرگانەکانی ڕێبەریی و کادر و ئەندامانی حیزب، دامەزراندنی پەیوەندیی ڕێکوپێک بەمەبەستی دروستکردنی هەماهەنگی هاوتەریب لەگەڵ یەکڕیزیی کرداریی هاوکات لەگەڵ هەبوونی فرەچەشنی بیروڕا، پێدانی ڕاپۆرت لە ئۆرگانەکانی خوارەوە بۆ سەرەوە و لە سەرەوە بۆ خوارەوە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و بەرپرسیاربوون لە ئاست جێبەجێکردنی سیاسەت و پلانە کردارییە حیزبییەکان، لە زومرەی پێوەرەکانی بەهێزکردنی حیزبن. یەکێک لە سەرەکیترین پێوەرەکانی بەهێزکردنی حیزب بریتییە لە پابەندبوون بە ئوسوول و پرەنسیپەکان، سیاسەت و نەریتە پێشکەوتنخوازەکانی حیزب و هاوکات پابەندبوون بە جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەساسنامە. پابەندبوونێکی لەم چەشنە بێ گومان بەردی بناغەی پەرەسەندنی نفووز و کاریگەریی سیاسی و بەدەستهێنانی جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتی حیزبە لە لایەک و هەروەها کەوتنەگەڕی هێز و کەڵک وەرگرتن لە توانا ڕاستەقینەکانی تەشکیلاتە لە لایەکی ترەوە. پشت بەستن بەم جۆرە بەهایانە مەرجێکی پێشوەختەیە بۆ کەمکردنەوەی کەلێنی نێوان ئەوەی کە هەین و ئەوەی دەبێ ببین و بناغەی گەشە و بەرەوپێشچوونی توانای کادر و کەسایەتییەکانی حیزب، ئۆرگانی کارامە و کەوتنەگەڕی توانا و پۆتاسێلە شاراوەکانی ناو حیزبە. لە کۆتاییدا پتەوکردنی حیزبییەت پێویستی بە دامەزراندن و ڕێکخستنی پەیوەندی نزیک و زیندوو هەیە لە نێوان ئۆرگانە جۆراوجۆرەکان و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان لەسەر بنەمای سانترالیزمی دێموکراتیک. کۆمیتەی دەرەوەی وڵات دەبێت دەستپێشخەری دامەزراندنی ئەو پەیوەندییە بێت و، بە بەڕێوەبردنی کۆڕ و کۆبوونەوەی ئاسایی، لە کێشە و گرفتەکانی ناو حزب ئاگادار بێت، لە پێناو دەستەبەرکردنی یەکڕیزیی کرداریی بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی ئاراستە و سیاسەتەکان هەوڵ بدات و بەستێن بڕەخسێنێت بۆ بەشداربوونی هەرچی زیاتری ئەندامان لە چارەنووسی سیاسی حیزبدا. هەروەها حەوزە حیزبییەکان و کۆمیتە تەشکیلاتییەکانیش ڕێگەخۆشکەر بن بۆ دروستکردنی ئەو پێوەندییە پتەو و چڕوپڕە لەگەڵ کۆمیتەی دەرەوەی وڵات و بەردەوام ئەم کۆمیتەیە لە کێشە و گرفتەکانیان ئاگادار بکەنەوە و خۆیان لە ئاست دیاریکردنی چۆنییەتی و چەندایەتی کار و چالاکییەکانی حزب بە بەرپرسیار، داهێنەر و بەشدار بزانن. بەشداری ئەندامانی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات لە پلینۆمەکانی حیزب وەک چاودێر دەتوانێت هەنگاوێک بێت بە ئاراستەی بەدیهاتنی ئەم ئامانجە. لە کاتێکدا هەموومان دان بەوەدا دەنێین کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەدەست پارچەپارچەبوون و دووبەرەکییەوە دەناڵێنێت، کادر و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە نابێ بە هیچ بیانوویەک خۆیان لە ئەرکی پاراستنی یەکڕیزی و تەبایی حیزب ببوێرن. ئەگەر فرەچەشنی تێڕوانینی سیاسی هاوکات بێت لەگەڵ یەکگرتوویی کرداریی، نەک هەر ناتەبایی تێک نادات بەڵکوو مەرجێکە بۆ گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی حیزب، مەرجە بۆ داڕشتنی سیاسەتی ڕوون و دروست و هەروەها مەرجێکە بۆ بەرەوپێشبردنی خەبات لە هەناوی ئاڵۆزییەکانی جیهانی ئەمڕۆدا. سەرەنجام لە پرسی بەهێزکردنی حیزبییەتدا، بەرزکردنەوەی زانستی سیاسی ئەرکێکە کە پێویستە ڕێبەریی بۆ بەرەوپێشبردنی، پلان و بەرنامەی هەبێ و هەر ئەندامێکی حزبیش دەبێ خۆی لە ئاست پەرەپێدان و و بەرەوپێشبردنی بە بەرپرسیار بزانێت. کۆمیتەی دەرەوەی وڵات، دەبیری حەوزەکان، بەرپرسان و کۆمیتەی وڵاتەکان پێویستە گرنگی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە لە حەوزە حزبییەکاندا بە دامەزراوەیی بکەن و پێداویستیی گونجاو بۆ بەڕێوەبردنیان دابین بکەن

- بەهێزکردنی پێگەی کۆمەڵە و دیفاع لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان: لە مێژووی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بەشداریکردن و پشتیوانی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە زومرەی ئەولەویەتە سەرەکییەکانی بووە. کۆمەڵە وەک تاکە ڕێکخراوی چەپ و کۆمۆنیستی ئێران و ناوچەکە کە خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرینە، توانیویەتی لە شوێنی کار و چالاکیی خۆی نفووز و جێگە و پێگەی حاشاهەڵنەگر لە نێو کرێکاران و ژنان و لاواندا بەدەست بهێنێت و هیوای هەزاران مرۆڤی چەوساوە و ئازادیخوازە. بۆ ماوەیەکی زۆر کوردستان و ناوچەکەکانی ژێر نفووز و کاریگەری کۆمەڵە شوێنی هێزە چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخوازەکانی ئێران بوون و ئەو هێزانە لەو شوێنانەوە چالاکییەکانی خۆیان لەدژی کۆماری ئیسلامی بەرەوپێش دەبرد. کۆمەڵە لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا وەک کۆڵەکەی سەرەکی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، چ لە ڕووی هێز و چ لە ڕووی ئیمکانات و پێشینەی خەبات و تێکۆشانی ڕادیکاڵ، حیزب و ڕەنگە تەواوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێرانی بەهێزتر کردووە و مۆدێلێکی جێگەی شانازیی لە لێکهەڵپێکان و لێکنزیکبوونەوەی چەپی حزبی لەگەڵ چەپی کۆمەڵایەتی لەخۆی نیشان داوە. بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئێستای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و ئەو ئاستەنگ و ئاڵەنگاریانەی لەبەردەم کۆمەڵەدایە، پشتیوانیکردن لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە دەرەوەی وڵات و بەهێزکردنی کۆمەڵە وەک پلاتفۆرمی سەرەکی چەپ لە کۆمەڵگادا، بووەتە پێویستییەکی سیاسی. بە یەک وشە، بەهێزکردنی کۆمەڵە بە کردەوە بە مانای بەهێزکردنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و تەنانەت تەواوی بزووتنەوەی چەپە. تەشکیلاتی حیزب لە دەرەوەی وڵات پێویستە لە ڕەهەندێکی زۆر فراوانتر و بە هاوکاری نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات، هەرچی زیاتر ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانەی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان بە

درێژه لە لاپەڕەی ١١

## درێژە ی بەیانییەی سیاسیی چواردەهەمین کۆنفڕانسی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

ڕای گشتی بناسێنێ و سیاسەتی وەهمیی و نارۆونی حزب و ڕێکخراوە ڕاستەکان سەبارەت بەو پرسانەی کە زیانیانبەخشن بۆ ئەم بزووتنەوەیە، بداتە بەر ڕەخنە و کۆمەڵەش وەک تاکە بزووتنەوەی بەرپرسیار و بە دەرووەست لە ئاست ئەم بزووتنەوەیە بناسێنێت. هەروەها تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتی حیزب، بە هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات و بە پێی بڕیارنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٧ی کۆمەڵە، دەتوانێت لە هەندێک حاڵەتی دیاریکراودا لە خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامی، لەگەڵ حیزبە سیاسییە چالاکەکانی کوردستان هاوکاری بکات. جگە لەو خاڵانەی سەرەوە، یارمەتی دارایی و دابینکردنی کادری پێویست و بەئەزموون لە تەشکیلاتی کوردستان، لە زومرەی ئەو بوارانەن کە تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات دەتوانێت ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەر بگێڕێت

• فراوانکردنی بازنەی ئەندامان: بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەرکانەی کە کەوتووەتە سەر شانی حیزب بە گشتی و تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات بەتایبەتی، پێویستە بازنەی ئەندامانی حیزب فراوان بکرێت. لەمڕووەوە پێویستە کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزب بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو ژمارەی ئەندامێتی زیاد بکات و مەرجەکانی ئەندامێتی بەجۆرێک دیاری بکرێت کە ژمارەیەکی زیاتر لە ئینسانە چەپ و ئازادیخوازەکان بێنە ناو ڕیزەکانی حیزبەوە.

• هەوڵدان بۆ پێکهێنانی یەکگرتوویی کرداریی لەگەڵ تاک و بزووتنەوە چەپەکان: بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەر هەڵسەنگاندنێکی کە لەسەر ئەو حیزب و ڕەوتانەی کە خۆیان لە بەرەی چەپی کۆمەڵگادا دەبیننەوە، هەمان بێت، هەوڵدان بۆ یەکگرتوویی کرداریی و دروستکردنی لێکتێگەیشتن و هاوکاری لەگەڵیان، هاوکات لەگەڵ بەرخوردی ڕەخنەگرانە لەسەر سیاسەت و کردارەکانیان، هەنگاوێکی پێویستە بۆ بەهێزکردنی بەرەی چەپی کۆمەڵگا. بەڕێوەبردنی کەمپەین و سیمینار و ئاکسیۆنی هاوبەش و پێکهێنانی شاندی هاوبەش بۆ دیدار لەگەڵ ڕێکخراو و دامەزراوە بیانییەکان، لە زومرەی ئەو بوارانەن کە دەتوانن بنەمای هاوکاریی نێوان هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی دەرەوەی وڵات پێک بهێنن.

• بەهێزکردنی بزووتنەوەی کرێکاریی: پەرەپێدانی چالاکییەکان بەمەبەستی بەهێزکردنی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران و ڕاکێشانی هاوسۆزی و پشتیوانیی هەرچی زیاتر بۆ ئەم بزووتنەوەیە، یەکێکە لە سەرەکیترین ئەرکەکانی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتی حیزب. ئەم بوارە لە کار و چالاکییەکان دەتوانێ بە بەڕێوەبردنی کەمپەینی خەباتکارانە و لەو ڕێگەیەوە گوشارخستنە سەر ڕێژیمی ئیسلامی، بردنەسەرەوەی هەزینەی سیاسەتە سەرکوتگەرەکانی ڕێژیم، پێکهێنانی هاوپەیمانی و یەکگرتوویی کرداریی خەباتکارانە، ڕاکێشانی هاوکاریی هەڵسووڕاوانی چەپ و کۆمۆنیست، ڕێکخراو و دامەزراوەکانی بەرگریکاری بزووتنەوەی کرێکاریی، دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە کرێکارییەکان و لایەنە چەپ و مرۆڤدۆستەکان بە مەبەستی ڕاکێشانی هاوسۆزی و پشتیوانی ئەوان لە خەباتی کرێکاران، بەشداریکردن لە خەباتی کرێکارانی وڵاتانی خانەخوێ لە چوارچێوەی سیاسەتی ئینتەرناسیۆنالیستی حیزب و هەوڵدان بۆ پێکهێنان و بەهێزکردنی کۆمیتە و ئەنجامەکانی پشتیوانی لە خەباتی کرێکارانی ئێران، بەدواداچوونی بۆ بکرێت.

• بەشداریکردن لە ئاکسیۆن و بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی دژە سەرمایەداری: تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات، وەک تەشکیلاتێکی پێکهاتوو لە کۆمەڵێک ئینسانی پێشڕەو، شۆڕشگێڕ و وشیار، کە زۆربەیان نیشتەجێی وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەدارین و ڕۆژانە ئاگاداری ڕەوتی پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان دژ بەو دۆخەی ئێستان، پێویستە لەناو ئەو کۆڕ و کۆمەڵانەی کە لەسەر بەستێنی بارودۆخی ئێستای جیهانی و ڕەوت و بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکان پێکهاتوون، ئامادە بن و بە بڵاوکردنەوە و دەنگدانەوەی هەواڵی خەبات و ناڕەزایەتییەکانی جەماوەری ئازادیخوازی ئێران و بە ئامانجی بەهێزکردنی مەیلی سۆسیالیستی لەناو ئەم کۆڕ و کۆمەڵانە و دروستکردنی پەیوەندی ئەوان لەگەڵ خەبات و ناڕەزایەتییە پێشکەوتنخوازەکان لە ئێران، هەوڵ بدەن

• داکۆکیکردن لە مافی پەنابەران: یەکێکی دیکە لە ئەولەویەتەکانی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات بریتییە لە بەرگریکردن لە مافی پەنابەران و هەوڵدان بۆ پشتیوانیکردنیان لە هەلومەرجی لەڕادەبەدەر سەختی وەرگرتنی مافی پەنابەریدا. شەپۆلی نوێی کۆچکردن بەتایبەتی کۆچی گەنجان و تازەلاوان و منداڵانی بێ سەرپەرشتی خوار تەمەنی ١٨ ساڵ بۆ ئورووپا، لێکەوتەی ناخۆش و نەخوازراوی بەدواوە بووە. جگە لە مەترسی سەفەرکردن و گیان لەدەستدانی ژمارەیەکی زۆر لەو ئینسانە ئازارچێشتووانە لە ئاوەکان و لە ڕێگای سنوورەکانی ئورووپا، جگە لە ئەزیەت و ئازاری قاچاخچیان و بازرگانانی مرۆڤ و پاسەوانی سنووری وڵاتە جۆراوجۆرەکان، شاهیدی پەسەندکردنی سیاسەتی دژە کۆچبەریی لە لایەن دەوڵەتانی دەسەڵاتدار لە ئورووپا لە دژی ئەو کۆچبەرانەین، بە جۆرێک کە ژمارەیەکی زۆریان وەڵامی ڕەت وەردەگرنەوە و لە ئەنجامدا یان ڕوو دەکەنە شێوە ژیانێکی نهێنی و تەحەمولی هەژاری و برسێتی، یان بەزۆر دەگەڕێندرێنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان. ڕەگەزپەرستەکان شەپۆلی نوێی کۆچکردنیان بۆ ئورووپا کردووە بە بیانوویەک بۆ هێرشکردنە سەر دەستکەوتەکانی چینی کرێکار و خودی ئەو کۆچبەرانە. جگە لەوەش نائومێدی و هەژاری و بێبەشی ژمارەیەک لە کۆچبەران، بەتایبەتی کۆچبەرانی گەنج، لەو وڵاتانە، ئەوانی کردووە بە قوربانیانی زیانە کۆمەڵایەتییەکان. تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای ڕاگەیاندنی هاوپشتی لەگەڵ کۆچبەرانی ئازارچێشتوو و مافخواز، داکۆکیکردن لە مافی پەنابەری بە یەکێک لە ئەولەویەتی چالاکییەکانی خۆی لەم قۆناغەدا دەزانێت. لەمڕووەوە پێویستە هەڵسوڕاوانی حیزب تا ئەو جێگایەی کە دەتوانن بەشداری لەو هەوڵانەدا بکەن کە بۆ یارمەتیدان و ڕێنوێنیکردنیان ڕێکخراوە، بەمەبەستی کەمکردنەوەی ئەو ڕەنج و ئازار و سەرلێشێواوییەی کە بەهۆی نادڵنیایی یان وەڵامدانەوەی نەرێنییەوە دروست دەبێت. ئاشناکردنیان لەگەڵ یاساکانی پەنابەری لە وڵاتانی نیشتەجێبوونیان، پاڵپشتیکردنیان لە بەدەستهێنانی مافی پەنابەری، پاڵپشتیکردنیان لە بەرامبەر هێرشەکانی پۆلیس و ئیدارەی کۆچبەریی ئەو وڵاتانە، بەشداریکردن لە ئاکسیۆن و ناڕەزایەتییەکانی پەیوەست بە پاراستنی مافی پەنابەریی، لە زومرەی ئەو ئەرکانەن کە پێویستە لە دەستووری کاری ئێمەدا بن.

• بەهێزکردنی خەباتی ژنان: پشتگیری و پشتیوانی لە خەباتی ژنان لە ئێران و دەرەوەی وڵات و بەهێزکردنی مەیلی سۆسیالیستی لە چوارچێوەی ئەو خەباتانەدا، لە زومرەی ئەولەوییەتی کار و چالاکییەکانی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتە. ئەمەش بە بەشداریکردن لە بزووتنەوە یەکسانیخوازەکان بۆ نەهێشتنی هەڵاواردنی جێندەری لە دامەزراوە جۆراوجۆرە ئابوورییی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، بەشداریکردن لە سیمینار و ناڕەزایەتییەکانی هەڵسووڕاوانی ئەم بوارە، دروستکردنی پەیوەندییەکی کارا لە نێوان تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات و ڕێکخراو و دامەزراوەکانی بەرگریکردن لە مافەکانی ژنان، بە دەستپێشخەری و داهێنان لە بواری فراوانکردنی ئەو چالاکییانەدا.

• بەهێزکردنی کەناڵی تەلەویزیۆنی: بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵ و گرنگی چاپەمەنی لە بڵاوکردنەوەی سیاسەتەکانی حیزب، پەرەپێدان بە هاوکاری چڕوپڕ لەگەڵ تەلەویزیۆنەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ڕێکخستنی ئەم پەیوەندیی و هاوکاریانە، بەشێکە لە ئەولەویەتەکانی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات. بە ڕێکخستنی هاوکارانی خۆجێیی تەلەویزیۆن، کۆکردنەوەی هاوکارییە داراییەکان بەمەبەستی گەرەنتی بەردەوامبوونی کاری تەلەویزیۆن و باشترکردنی کوالێتی بەرنامەکانی ئەو کەناڵانە، دەتوانرێت وەڵامی ئەم پێویستییە بدرێتەوە. لە ڕاستیدا ئەندامانی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات تەنیا بە دانی حەقی ئەندامێتی خۆیان بە تەواویی و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دەتوانن هەموو هەزینەکانی ئێستای تەلەویزیۆن دابین بکەن، بەمجۆرەش خۆبژێوی و سەربەخۆیی دارایی ئەم ئۆرگانە گرنگە مسۆگەر دەبێت.

• بەهێزکردنی بەشداری ڕێکخراو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: بە سەرنجدان بە ڕۆڵی گرنگی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە دامەزراندنی پەیوەندییەکان و هەروەها ئاڵوگۆڕی زانیاری و ڕەنگدانەوەی ڕاو بۆچوون و ئامانجە سیاسییەکان، پێویستە تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات بەشێوەیەکی ڕێکخراو بەشداریی لەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانەدا بکات. هەروەها پێویستە هەر ئەندامێکی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتیش ڕۆڵی خۆی لە بڵاوکردنەوەی ڕوانگە و بۆچوونەکانی حیزب و کومەڵەدا بگێڕێت

**کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**خەرمانانی ١٤٠٤**
**ئاگۆستی ٢٠٢٥**

****




دادگای باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران لە کردەوەیەکی نامرۆڤانەدا، سزای لەسێدارەدانی شەریفە محەممەدی هەڵسووڕاوی کرێکاریی پشتڕاستکردەوە. شەریفە محەممەدی، کە یەکێکە لە هەڵسووڕاوانی ناسراوی بزووتنەوەی کرێکاریی، مانگی سەرماوەزی ١٤٠٢ دەستبەسەر و مانگی پووشپەڕی ١٤٠٣ بە تۆمەتی بێبنەمای "بەغی" (خەباتی چەکداری) سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا. ئەگەرچی ئەم سزایە مانگی خەزەڵوەری هەمان ساڵ بەهۆی گوشار و نارەزایەتی ئازادیخوازان هەڵوەشایەوە، بەڵام ئێستا سیستەمی قەزایی نامرۆڤانەی ڕێژیمی ئیسلامی سەرلەنوێ سزای لەسێدارەدانی بۆ ئەم هەڵسووڕاوە کرێکارییە دەرکردۆتەوە

ئەم سزا نامرۆڤانەیە کردەوەیەکی سیاسی و ئەمنییەتی ئاشکرایە لە دژی چینی کرێکاری ئێران و بەمەبەستی سەرکوتکردنی تێکۆشەرانی ئەم بزووتنەوەیە. شەریفە محەممەدی بەهۆی خەبات لەپێناو پێکهێنانی ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان، کراوەتە ئامانج. ڕێژیمی ئیسلامی و سەرمایەدارانی پشتیوانی، لە یەکڕیزی و یەکگرتوویی کرێکاران و خەباتی بەردەوامیان دەترسن، چونکە ئەزموونی مێژوویی مانگرتنەکان، بە تایبەت مانگرتنی کرێکارانی نەوت لە کاتی ڕووخانی ڕژیمی شا، نیشانی داوە کە هێزی ڕێکخراو و یەکگرتووی چینی کرێکار دەتوانێت هەر دیکتاتۆرێک بەچۆکدا بهێنێت

دەسەڵاتی دادوەری ڕێژیمی ئیسلامی ناوەندێکی ئەمنییەتی و سەرکوتگەرەکە ئەرکی بریتییە لە سەرکوتکردنی هەر نارەزایەتییەکی ئازادیخوازانە. ئەم ناوەندە ئەمنییەتییە بە توندترین شێوە هەڵسووڕاوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتە ئامانج و بە تایبەتی هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاریی، بەمەبەستی لاوازکردنی هەرچی زیاتری خەباتی چینی کرێکار، دەخاتە ژێر گورزی سەرکوتگەرانەی خۆیەوە

بەڵام سەرەڕای ئەوەش بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران هەرگیز تەسلیمی ئەو هەلومەرجە سەرکوتگەرانە نەبووە و وازی لە خەبات و تێکۆشانی خۆینەهێناوە و ناهێنێت. ئەم بزووتنەوەیە باش دەزانێت کە تەنیا لە ڕێگەی یەکڕیزی، وشیاریی، خەباتی شێلگیرانە و ڕێکخراوبوونەوە دەتوانرێت بەسەر هەژاری و ستەم و چەوساندنەوەدا زاڵ بێت کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای ئیدانەکردنی سزای لەسێدارەدانی شەریفە محەممەدی، داوا لە سەرجەم هێز و لایەنەئازادیخوازەکان، ڕێکخراوە کرێکارییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکات کە دەنگی نارەزایەتی خۆیان بەرامبەر بەو سزا نامرۆڤانەیە بەرزبکەنەوە و هەوڵبدەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی بەتەواوەتی سزای لەسێدارەدان لەئێراندا.

**کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**١٩ی ئاگۆستی ٢٠٢٥**

*****

# کۆمەڵکوژی زیندانیانی سیاسی ساڵی ١٣٦٧:

## قۆناغی دووەم، مانگی خەرمانان، کۆمەڵکوژی کۆمۆنیستەکان



هاوینی ساڵی ١٣٦٧ یەکێک لە ڕەشترین وەرزەکانی مێژووی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. ڕێژیمی ئیسلامی دوای قبووڵکردنی ئاگربەست لە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق و ئەوەی خومەینی بە "خواردنەوەی جامە ژەهر" ناوی برد، تاوانێکی ترسناکی خوڵقاند کە کاریگەرییەکانی دوای نزیکەی چوار دەیە، وەک برینێکی قووڵ لەسەر جەستەی ئەم کۆمەڵگایە ماونەتەوە. ئەم کۆمەڵکوژییە لە دوو قۆناغدا بەڕێوەچوو: یەکەم: کۆمەڵکوژیی دڕندانەی ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵق لە مانگی گەلاوێژ و پاشان کۆمۆنیستەکان لە مانگی خەرماناندا. کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق بە شکستی کۆماری ئیسلامی، پەنجەرەیەکی هیوای بەڕووی خەڵکی ئازارچێشتووی ئێراندا کردەوە. ئەو خەڵکەی کە هەشت ساڵ بوو لە ئاگری شەڕدا دەسووتان، ئێستا هیوادار بوون کە بتوانن ژیانێکی ئاسایی دەستپێبکەنەوە و ئەو داواکارییە ئینسانیانە بخەنەڕوو کە بە بیانووی شەڕ سەرکوت کرابوون. ئەم شادییەی جەماوەری خەڵک و هەستی شکستی ڕێژیم، ترسی خستە دڵی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامییەوە. خومەینی و ڕاوێژکارە سەرەکییەکانی واتە ڕەفسەنجانی خامنەیی و ئەوانی تر، ئەو ڕاستییەیان دەزانی کە شکستی شەڕ دەتوانێت ببێتە هۆی ئەگەری سەرهەڵدانی ئاخێزی جەماوەری دژ بە نیزام. ئەوان بڕیاریان دابوو کە خۆشی خەڵک بەبۆنەی کۆتاییهاتنی شەڕ، بکەنە غەم و ماتەمینی. بەڵام هیچ بیانوویەکی ئەوتۆیان نەبوو بۆ کوشتاری خەڵک لەناو شەقام و بازاڕەکاندا. هەربۆیە هاوشێوەی ڕووداوی ٣٠ی جۆزەردانی ١٣٦٠، جارێکی تر شمشێرە ژەهراویەکەیان لەناو زیندانەکان و لە دژی زیندانیانی سیاسی بەکارهێنا

خومەینی بە دەرکردنی فەتوایەکی ئایینی، کومیتەیەکی کە دواتر بە "هەیئەتی مەرگ" ناسرا، ڕاسپارد بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی کۆمەڵکوژکردنی هەزاران زیندانی سیاسی. کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە یەکەم ڕۆژەکانی گەلاوێژی ١٣٦٧ بە لەسێدارەدانی ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵق دەستی پێکرد. ئەم قۆناغە بە درێژایی مانگی گەلاوێژ بەردەوام بوو و هەزاران کەسی کۆمەڵکوژ کرد. هەفتەی یەکەمی مانگی خەرمانان دەستپێکی قۆناغی دووەمی کوشتاری زیندانیانی سیاسی بوو. دوای ئەوەی کوشتاری ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵق تەواو بوو، نۆرە گەیشتە کۆمۆنیستەکان و ئەم قۆناغە لە مانگی خەرماناندا بە کۆمەڵکوژ کردنی زۆرێک لەو کۆمۆنیستانە بەڕێوەچوو کە لە زیندانە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا ڕاگیرابوون و ماوەی سزاکەیان تێپەڕکردبوو و چاوەڕێی ئازادکران بوون و تەنانەت هەندێک لەو زیندانیانەش کە هێشتا تۆمەت و هۆکاری دەستگیرکردنەکەیان نادیار بوو

هەیئەتی مەرگ بە بەکارهێنانی هەمان ئەو شێواز و ڕێوشوێنانەی قۆناغی یەکەم، زیندانییە کۆ مۆ نیستە کا نیشیا ن دادگایی کرد. سەبارەت بە بیروباوەڕی ئایینی و هەڵوێستیان لەسەر کۆماری ئیسلامی و پابەندبوونیان بە پرەنسیپەکانی ڕێژیمی ئیسلامی، پرسیاریان لێ دەکرا. ئەوانەی سازشیان لەسەر بیروباوەڕەکانیان نەکرد و ئامادە نەبوون تەوبە بکەن و پەشیمانی دەربڕن، سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێندرا. هەرچەندە ژمارەی ڕاستەقینەی قوربانیانی ئەم تاوانە ترسناکە هەرگیز ڕانەگەیەندرا، بەڵام بەپێی

درێژە لە لاپەڕەی ١٣

درێژە ی لاپەڕەی ١٢

ڕاپۆرتە جۆراوجۆرەکان، لە دوو قۆناغی ئەم کۆمەڵکوژییەدا لە نێوان شەش بۆ ١٠ هەزار کەس لە سێدارە دران. تەرمی قوربانییەکان لە خاوەرانی تاران، دارولڕەحمەی شیراز، باغڕەزوانی ئیسفەهان، حەوشەی دادگای شۆڕشی سنە و دەیان شوێنی دیکە، زۆر بە بێدەنگی و بە نهێنی، بە خاک سپێردران

دەسەڵاتداران ئەو گۆڕستانانەیان بە "لەعنەتاوا" ناوزەد کرد بۆ ئەوەی خەڵک لێیان دوور بکەوێتەوە. ئەو شوێنانەی کە زۆر زوو بوون بە گۆڕستانی ئازیزانی لەبیرنەکراو و بە دڵنیاییەوە لە داهاتوویەکی نەک زۆر دووریش دا دەبنە ژوانگەی ئاشقانی ڕێگای ڕزگاری مرۆڤایەتی. یەکێک لە لایەنە کارەساتبارەکانی ئەم تاوانە، بریتی بوو لە بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. دەوڵەتانی ئورووپا و ئەمریکا بەرامبەر بەم کۆمەڵکوژییە نەک هەر نارەزایەتیان دەرنەبڕی، بەڵکوو بە نهێنی هێشتنەوەی، بە کردەوە، پەسەندیان کرد. دەوڵەتانی ڕۆژئاوا کە سیاسەتی یارمەتیدانی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامییان بەمەبەستی جێگیبوون گرتبووەبەر، دەستی بەرپرسانی ڕێژیمیان ئاواڵە کرد بۆ ئەنجامدانی ئەو کۆمەڵکوژییە. میدیا بەناو ئازادەکانی زلهێزە ئیمپریالیستییەکانیش بە ئەنقەست ئەم کارەساتەیان

پەردەپۆش کرد

ئەمڕۆ لە هەلومەرجێکدا یادی قوربانیانی کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی ساڵی ١٣٦٧ دەکەینەوە، کە کۆماری ئیسلامی لە قوڵترین قەیرانەکانی پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتدارێتی خۆیدا نوقم بووە. ڕێژیمێکی کە ٣٧ ساڵ لەمەوبەر بە ڕشتنی خوێنی هەزاران گەنجی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ، پێی وابوو کۆمەڵگای بۆ هەمیشە لە ئاست ستەم و سەرەڕۆیی دا بێدەنگ کردووە، ئێستا خۆی لە داوی بێبەزەییانە و چارەهەڵنەگری مەرگدا گرفتار بووە. دەستی ڕژیمی ئیسلامی لەو دەستێوەردانە ناوچەییانەی کە بۆ ماوەی ساڵانێک سەرچاوەی دەسەڵات و نفووزی ئەو بوون، کورت بۆتەوە. شکستە یەک لە دوای یەکەکانی لە سوریا و لوبنان و عێراق و یەمەن و هەروەها لەدەستدانی هاوپەیمانە ستراتیژییەکان و ئەو گورزە سەربازییە کوشندانەی کە لەلایەن ئیسرائیلەوە بەریکەوتووە، ڕژێمی لەگەڵ خراپترین دۆخ بەرەوڕوو کردووەتەوە، ئەو پرۆژە ئەتۆمییەی کە بە تێچووی ملیاردها دۆلار لە بەرهەمی ڕەنج و کاری خەڵک لە قۆناغی تەواوکردندا بوو، لە ماوەی چەند ڕۆژدا بوو بە

خۆڵەمێش

ئابووری وڵات لە دۆخێکی کارەساتباردایە. سزا بەربڵاوە نێودەوڵەتییەکان، ناکارایی، گەندەڵی بەربڵاو و خەرجییە نیزامییە سەرسوڕهێنەرەکان و دەستێوەردانە ناوچەییەکان، ئابووری ئێرانیان گەیاندووەتە لێواری دارمان. بەرزبوونەوەی بەردەوامی هەڵاوسان، دارمانی نرخی تمەن، بێکاریی بەربڵاو، کەمیی حەقدەست، کەمیی ئاو و کارەبا، تێکچوونی ژینگە و لەناوچوونی سامانە سروشتییەکانی وڵات، ژیانی دەیان ملیۆن لە دانیشتوانی ئێرانی کردووە بە دۆزەخ. لە هەمان کاتدا ئەو نارەزایەتیانەی کە نیشانەی کەڵەکەبوونی نەفرەت و توڕەیی گشتییە، لە ئاستە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا خەریکە پەرەدەستێنێ و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێکخراوتر و بەربڵاوتر دەبن. سەرەڕای تێپەڕبوونی ٣٧ ساڵ بەسەر ڕوودانی ئەم جینایەتەدا، بزووتنەوەی دادخوازی بۆ قوربانیانی کۆمەڵکوژیی ساڵی ١٣٦٧، هەروا بەردەوامە. بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ساڵانەی یادکردنەوە، چالاکییەکانی لێکۆڵینەوە بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕەهەندە نادیارەکانی ئەم کارەساتە و کەمپەینە نێودەوڵەتییەکان، هەموویان نیشانەی زیندووبوونی یادی ئەو ئازیزانەیە. یاد و بیرەوەری قوربانیانی ئەم کۆمەڵکوژییە، بۆ هەمیشە بەزیندوویی دەمێنێتەوە. کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ئەنجامدەرانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەم تاوانە، "نە لەبیر دەکەن و نە لێیان خۆش دەبن". تا ئەوکاتەی دادپەروەری نەیەتەئاراوە و تاوانبارانی ئەو کۆمەڵکوژییە دادگایی نەکرێن، بزووتنەوەی دادخوازی بەردەوام دەبێت

ئەمڕۆ دوای نزیکەی چوار دەیە، دادخوازی بۆ ئەم ئازیزانە، تەنیا بابەتێکی سۆزداری نییە، بەڵکوو بووەتە پێویستییەکی کردەیی و سیاسی. ئەو دەسەڵاتەی کە پێی وابوو بە کوشتاری ئەو لاوانە، بەردەوامبوونی دەسەڵاتەکەی مسۆگەر کردووە، ئێستا لەبەردەم دارماندایە. هەموو بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن کە ڕۆژانێکی باشتر بەڕێوەیە. ئەو قەیرانە قووڵ و فرە ڕەهەندییانەی کە ڕێژیم لەگەڵی بەرەوڕووە، مژدەی ڕووخانی شۆڕشگێڕانەی ئەم ڕێژیمە تاوانبارە دەبەخشن. دوور نییە ئەو ڕۆژەی کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، لە دادگای دادپەروەرانەی جەماوەری خەڵکی ئێراندا، دادگایی بکرێن و بە سزای شایستەی خۆیان بگەن

****




سیستەمی پەروەردەی هەر وڵاتێک نەک هەر داهاتووی جیلە نوێیەکان دیاری دەکات، بەڵکوو ئاوێنەیەکی باڵانوێنیشە کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی کۆمەڵگا نیشان دەدات. چاوخشاندنێک بەسەر ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی ئەمساڵ لە ئێران وێنەیەکی هەژێنەر لە قووڵایی نایەکسانی چینایەتی لە سیستەمی پەروەردەی ئێراندا دەخاتە ڕوو. ئاماری تاقیکردنەوەکانی وەرگرتنی ئەمساڵ ئاوێنەیەکی لێڵە سەبارەت بە دۆخی ڕاستەقینەی پەروەردە لە ئێران. بە پێی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانی ئێران، نزیکەی نیو ملیۆن کەس لە تاقیکردنەوەی وەرگرتنی ئەمساڵ بەشدارییان کرد. ئەنجامە ڕاگەیەندراوەکان نایەکسانییەکی قووڵی چینایەتی نیشان دەدەن. سیستەمی پەروەردەی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، لەسەر چوار جۆر قوتابخانە دامەزراوە کە هەریەکەیان ئاستێکی جیاواز لە ئیمکان و دەرفەت پێشکەش بە خوێندکاران دەکەن

یەکەم: قوتابخانە ئەهلییەکانی سەمپاد، کە کورتکراوەی (ڕێکخراوی میللی پەرەپێدانی بەهرە درەوشاوەکانە) و لە لوتکەی هەرەمی پەروەردەدایە. ئەم قوتابخانانە بە ئیمکاناتێکی زۆر و مامۆستای بە ئەزموون و شێوازی پێشکەوتووانەی وانەوتنەوە، ژینگەیەکی گونجاو بۆ پەرەپێدانی بەهرەکان دابین دەکەن

دووەم: قوتابخانە ئەهلییە قازانج نەویستەکان، کە هەرچەندە لە ئاستی دووەمدان، بەڵام هێشتا بە بەراورد بە قوتابخانە حکومییەکان، کوالێتی و ئیمکاناتێکی پەروەردەیی باشتریان.

سێیەم: قوتابخانە نموونەییە حکومییەکان، کە هەوڵدەدەن کوالێتی بەرزتر لە قوتابخانە ئاساییەکان دابین بکەن، بەڵام ڕووبەڕووی کێشەی بودجە دەبنەوە

چوارەم: قوتابخانە حکومییە ئاساییەکان، کە زیاتر لە ٧٠ لەسەدی خوێندکارانی وڵات لەخۆ دەگرن و خاوەنی کەمترین ئیمکانات و دەرفەتن

ئامارە بڵاوکراوەکان نمرە هەرە بەرزەکانی تاقیکردنەوەی وەرگرتن لەم چوار جۆرە قوتابخانەیە بەم ڕیزبەندییەی خوارەوە نیشان دەدات:
٧٨ لەسەدی نمرە بەرزەکان لە قوتابخانە ئەهلییەکانی سەمپادن، ١٠ لەسەد لە قوتابخانە ئەهلییە قازانج نەویستەکان، ٨ لەسەد لە قوتابخانە نموونەییە حکومییەکان و سفر لەسەد لە قوتابخانە حکومییە ئاساییەکان، واتە ئەو قوتابخانانەی کە زیاتر لە ٧ لەسەدی خوێندکاران لە سەرتاسەری وڵات لەخۆ دەگرێت. ئەم ئامارانە ئاماژەن بۆ نایەکسانی قووڵی چینایەتی لە سیستەمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامیدا و بە ڕوونی ئەوە دەردەخەن کە قوتابخانە حکومییە ئاساییەکان کە زۆرینەی ڕەهای خوێندکارانی وڵات لەخۆ دەگرن، تەنانەت یەک نمرەی بەرزیان بەدەست نەهێناوە. جگە لە نایەکسانی چینایەتی، کەلێنی جوگرافیش لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکاندا بەرچاو دەکەوێت. پارێزگای خوزستان کە زیاتر لە یەک ملیۆن خوێندکاری تێدایە، تەنها پێنج لەسەدی ڕیزبەندی نمرە بەرزەکانی وڵاتی هەیە. ئەوە لە کاتێکدایە کە کۆی گشتی بەشداربووانی تاقیکردنەوەی وەرگرتن ٥٠٠ هەزار کەس بووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ قووڵایی نایەکسانی نێوان ناوچە پێشکەوتووەکان و ناوچە بێبەشەکان. بە ڕوونی ئەوە دەبینین کە سەرکەوتنی پەروەردەیی لە ئێران بە شێوەیەکی سەرەکی بە سامان و ئیمکانی دەستڕاگەیشتن بە قوتابخانە تایبەتەکانی وەک سەمپاد و قازانج نەویستەکان مومکین دەبێت، نەک لەسەر بنەمای دادپەروەری و دەرفەتی یەکسان. خوێندکارە بەهرەمەندەکانی ناوچە بێبەشەکان و قوتابخانە حکومییەکان، تەنانەت سەرەڕای بەهرەکانیشیان، دەرفەتی گەیشتن بە پێگەی شایستەی خۆیان نییە. دۆخێکی لەو چەشنە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بوودجەی پەروەردەی ئێران نزیکەی ١٠ لەسەدی کۆی گشتی بودجەی ئێرانی بەر دەکەوێت. ئەو جیاوازییە گەورەیەی کە لە دەرکەوتنی بەهرەکان لە کاتی تاقیکردنەوەیەکی وەک وەرگرتن بەرچاو دەکەوێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕاستییە. قوتابخانە ئەهلییەکان و قوتابخانەی سەمپاد، بە وەرگرتنی کرێی خوێندنی بەرز و پاڵپشتی تایبەت، توانای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پەروەردەیی باشتر و دامەزراندنی مامۆستای شارەزاتر و بەکارهێنانی ئامێری پێشکەوتووتریان هەیە. لە

درێژە لە لاپەڕەی ١٣

درێژە ی لاپەڕەی ١٢

بەرامبەردا قوتابخانە حکومییە ئاساییەکان لەگەڵ نەبوونی ئیمکانات و قەرەباڵغی پۆلەکان و نەبوونی ئامێری گونجاو بەرەوڕوون

ئاشکرایە کە ئەم دۆخە کەلێنی چینایەتی لە کۆمەڵگادا قووڵتر دەکاتەوە. خوێندکارانی سەر بە بنەماڵە دەوڵەمەندەکان کە توانای دابینکردنی تێچووی خوێندنگە ئەهلییەکانیان هەیە، دەرفەتی باشتریان هەیە بۆ چوونە ناو زانکۆ بەناوبانگەکان و سەرەنجام دەرفەتی کاری گونجاوتر بەدەست دەهێنن. کاتێک وەبەرهێنان لە ژێرخانی پەروەردەی حکومەتدا ناکرێت، کاتێک قوتابخانەکان بە ئامێر و کەرەستەی فێرکاری تەیار ناکرێن، کاتێک ژمارەی قوتابیان لە پۆلێکدا دوو بۆ سێ هێندەی ڕێژەی ئاساییە، کاتێک مامۆستایەک ناچارە شەوانەش کاری دووەم بکات بۆ ئەوەی بتوانێت بژێوی ژیانی دابین بکات و بە شەکەتی و ماندوویی دەچێتەوە سەر کلاسەکانی دەرس و تەنانەت ئەو مووچە کەمەکەش لە کاتی خۆیدا وەرناگرێت، چ ئەنجامێکی باشتر لەوەی کە لە تاقیکردنەوەی وەرگرتنی ئەمساڵدا شایەتی بووین، بەدەست دێت. لە ناوچە بێبەشەکان و قوتابخانە حکومییەکاندا گەلێک بەهرەمەند هەن کە بەهۆی دەسترانەگەیشتن بە ئیمکاناتی گونجاو دەرفەتی گەشەکردنیان لێ زەوت دەبێت. کاتێک خوێندکارانی قوتابخانە حکومییەکان دەبینن کە سەرەڕای هەوڵەکانیان، ناتوانن بە شێوەیەکی دادپەروەرانە کێبڕکێ بکەن، مەیلی خوێندنیان کەم دەبێتەوە و هەستکردن بە بێهیوایی تێیاندا گەشە دەکات. زیادبوونی ژمارەی ئەو خوێندکارانەی کە واز لە خوێندن دەهێنن بۆ ئەم ڕاستییە دەگەڕێتەوە

جگە لەوەش شێوازی وانەوتنەوە لە قوتابخانە حکومییەکان نازانستییە و دوورن لە دەستکەوتی سەردەمیانە لە بواری پەروەردەدا. لەم قوتابخانە حکومییانەدا، بەهۆی زۆری قوتابیان و قەرەباڵغی پۆلەکان و نەبوونی کاتی پێویست و نەبوونی تاقیگە، کارگا و کەرەستەی فێرکاری، مامۆستا بەتەنها خۆی بووەتە جەمسەری هەموو پەروەردەکان. ئەم شێوازە دەرفەت و ئیمکانی توێژینەوەی بەکۆمەڵ و ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و بەشداریکردن لە بوارە جیاجیاکان لە خوێندکاران زەوت دەکات و ناچار دەبن بەهرەکانی خۆیان بە لەبەرکردنی ئەوەی کە مامۆستا پێیان دەڵێت نیشان بدەن

جگە لەوەش لە قوتابخانە حکومییەکانی ئێران، گرنگییەکی ئەوتۆ بە وەرزش و پەروەردەی جەستەیی و کاریگەری بنیاتنەرانەی لەسەر منداڵان و لاوان نادرێت. منداڵان و تازەلاوان بەهۆی نەبوونی شوێنی گونجاو لە شار و گوندەکەیان و هەروەها لەبەر ئەوەی لە شوقە و خانووی بچووک و قەرەباڵغدا دەژین، شوێنی یاریکردن و وەرزشکردنیان نییە. فەزای تەنگ و بەرتەسکی قوتابخانەکانیش بە هیچ شێوەیەک ئەو دەرفەتە بە خوێندکاران نادات. تێپەڕبوون لەو هەلومەرجە سەخت و مەینەتبارەی پەروەردە لە ئێران، تەنیا بە هاتنە مەیدانی هێزی بەرینی قوتابیان، خوێندکاران، موعەلیمان و مامۆستایانی خەباتگێڕ و بە گرێدانی خەبات و تێکۆشانی ئەوان بە خەباتی کرێکاران و بەشە ناڕازییەکانی دیکەی کۆمەڵگاوە مومکین دەبێت. هاوپشتییەکی لەم چەشنە نەک هەر دەتوانێ سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کوشتنی بەهرە و توانایی لاوانی ئێران پووچەڵ بکاتەوە، بەڵکوو زەمینە بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگای ئێران لە چنگ دەسەڵاتی کۆنەپەرستی ئیسلامی خۆش بکات

****

# ڕەهەندەکانی هەژاری لە ئێران، لێکەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی



هەژاری ئەمڕۆ لە ئێران لە لایەک یەکێکە لە گرینگترین پرسە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم کۆمەڵگایە و لە لایەکی دیکەشەوە گەورەترین بەربەستە لە بەردەم خۆڕێکخستن و ناڕەزایەتی سیاسیی و پلان بۆ داڕێژراو و وشیارانە لە دژی ئەو دۆخەی ئێستا. ناسینی دروستی ئەم دۆخە و ئەوەی کە چی دەبێت بکرێت، لە زومرەی گرنگترین بابەتەکانی بەردەم هەر حیزبێکی سیاسی شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخواز و هەر ئینسانێکی خەباتکار و ناڕازییە. ئامارە نافەرمییەکان دەریدەخەن ک نزیکەی ٧٠ لەسەدی کۆمەڵگای ئێران، هەر بەشێک لەم خەڵکە بە جۆرێک و بە پلەی جیاواز لەگەڵ هەژاری بەرەوڕوون. لەم بابەتەوە ئەگەر تەنانەت ئامارە سانسۆرکراوە فەرمییەکانیش بە هەند وەربگرین، هەندێک لە لایەنە کارەساتبارەکانی دەردەکەون. با چاوێک تەنیا بە ئامارە فەرمییە دەستکاریکراوەکاندا بخشێنین: بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی لێکۆڵینەوەی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی، ڕێژەی هەژاری لە ساڵەکانی ١٣٩٨ تا ١٤٠٣ لە دەوروبەری ٣٠ لەسەدا جێگیر بووە. ئەمە بەو مانایەیە کە ٢٥ بۆ ٢٦ میلیۆن کەس لە خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدان. هەندێک سەرچاوەی نێودەوڵەتی و نافەرمی ئەم ڕێژەیە بە ٨٠ لەسەد دەخەملێنن. یەکێک لە پێوەرە گرنگەکانی هەژاریی، بریتییە لە توانایی دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خۆراک. بەپێی داتاکانی ناوەندی ئامار، لە مانگی گەلاوێژی ١٤٠٤دا کەمترین تێچووی سەبەتەی خۆراکی یەک بنەماڵە، ١١ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار تمەن و لانیکەمی حەقدەستی پەسەندکراو ١٠ ملیۆن و ٣٩٠ هەزار تمەنە، واتە جیاوازی نێوان خەرج و داهات زیاتر لە یەک ملیۆن تمەنە، ئەم ئامارە دەریدەخات کە تەنانەت دابینکردنی لانیکەمی پێداویستی خۆراکیش بۆ ئەو بنەماڵانەی کە تەنها کەسێکیان کار دەکات، مەحاڵە دابەشبوونی جوگرافیای هەژاری، دیوێکی تری ئەم کارەساتە نیشان دەدات.

بەپێی ئامارە فەرمییەکان، دوو لەسەر سێی دانیشتوانی سیستان و بەلوچستان لەژێر هێڵی هەژاریدان و لە تارانیش هەموو ئەوانەی کە خاوەنی ماڵ و حاڵی خۆیانن و داهاتی مانگانەیان نزیکەی ٢٠ ملیۆن تمەنە، دەکەونە خوار هێڵی هەژارییەوە. بۆ نموونە بە پێی ئەم ئامارانە داهاتی کرێکاران لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا بە بەراورد لەگەڵ نرخی هەڵاوسان بە ڕێژەی ٢٠٠ لەسەد دواکەوتووە. لە پارێزگاکانی وەک ئەلبورز و قوم، هەزینەی شوێنی نیشتەجێبوون تا بڕی ٥٥ لەسەدی داهاتی بنەماڵەکان لەخۆ دەگرێت. دوو ملیۆن بێکار لە وڵاتدا بوونیان هەیە. هەشت سەد هەزار دەرچووی زانکۆ بێکارن. ڕاپۆرتەکەی مەجلیس مامناوەندی جیاوازی چینایەتی بە ڕێژەی یەک بە ١٣ دەخەملێنێت، بێ گومان هەریەک لەم ئامارانە چەند قات لە ئامارە ڕاستەقینەکان کەمترن، بەڵام تەنانەت هەر ئەم ئامارانەش بە ڕوونی دەریدەخەن کە ئەم کۆمەڵگایە لە ڕووی ئاستی بژێوی ژیانەوە لە چ دۆخێکی مەترسیداردایە.

ئەوەی کە بۆچی ئەم کۆمەڵگایە کەوتۆتە دۆخێکی لەو چەشنەوە؟ هۆکار و سەبەبکار زۆرن، لەوانە بوونی ڕژێمێکی ناکارامەی سەرمایەداری، خەرجکردنی ساڵانە ملیاردها دۆلار لەپێناو قەیرانە ناوچەییەکان، پڕۆژەی پڕ کێشەی ئەتۆمی و مووشەکی و سەربازیی کە وەک ئەژدیها سەروەت و سامانی وڵات هەڵدەلووشێت، خەرجکردنی ملیاردها دۆلار بۆ پەرەپێدانی ناوەند و دامەزراوە ئاینییەکان، کەمکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، گەندەڵی دارایی جێگیر، سیاسەتەماڵوێرانکەرە نیۆلیبراڵەکان و بەتایبەت کەمکردنەوەی هێزی کار و بێکاری بەربڵاو. سەربەخۆ لە ئامارە فەرمییەکان، ئەم دۆخە جگە لە لەناوبردنی کەرامەتی مرۆڤ، وایکردووە زیاتر لە ٧٠ لەسەدی خەڵکی ئێران، چوار هێندە لە ژێر هێڵی هەژاریدا بژین. پەرەسەندنی پەراوێزنشینانی بێبەش لە کەمترین خزمەتگوزارییەکانی شار، پەرەسەندنی تاوان و تاوانکاری، زیادبوونی کاری منداڵان، گەڕان لەناو زبڵ و پاشماوەکان، خەوتن لەناو کارتۆن، لەشفرۆشی، زیادبوونی ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان، جیابوونەوە و توندوتیژی خێزانی، داڕمانی ئەخلاقی، کەمبوونەوەی ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی و هتد... سەرجەمیان لە زومرەی لێکەوتە و دەرئەنجامەکانی ئەم دۆخەن. یەکێک لە تاڵترین نموونەکانی هەژاریی لە ئێران بریتییە لە فرۆشتنی ئەندامەکانی جەستە. کەم نین ئەو کەسانەی کە گورچیلە یان ئەندامەکانی تری جەستەیان دەفرۆشن بۆ ئەوەی بژێوی ژیانیان دابین بکەن، کە ئەم نموونەیە بە تەنهایی قووڵایی ئەم قەیرانە نیشان دەدات

لە هەلومەرجی ئێستادا، کاتێک ژیانی چینی کرێکار و بەشێکی زۆری چین و توێژە زەحمەتکێش و بێبەشەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگا و تەنانەت نەوەکانی داهاتووی ئێرانیش مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە، تەنها بە شکڵگرتن و وەڕێکەوتنی بزووتنەوەیەکی بەهێزی داواکاریی تەوەر دەتوانرێت بەر بەم لەناوچوونە بگیرێت. بۆ پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی بەهێزی داواکاریی تەوەر، پێویستە ئەو خەبات و ناڕەزایەتییانەی ئێستا لەم دۆخی پەرشوبڵاویە بێنە دەرەوە. پێویستە ویست و داواکاری بەپەلەی چینی کرێکار، ببێتە پرسی سەرجەم کرێکارانی لەسەرکار و بێکار، ژن و پیاو، لێهاتوو و نالێهاتوو، فەرمی و نافەرمی، لە ئاستی سەراسەریدا. بەدیهاتنی ئەم بابەتەش پەیوەستە بە فراوانبوون و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هەڵسووڕاوانی کرێکاریی لە ئاستی سەراسەریدا. بە بەشداری چالاکانە لە خەبات و ناڕەزایەتییەکانی ئێستای کرێکاران، بە بەهێزکردنی ڕۆحی هاوپشتی چینایەتی لەم خەباتانەدا و گەیشتن بە ئاسۆیەکی ڕوون، دەکرێت هاوسەنگی هێزی چینایەتی بە قازانجی کرێکاران بگۆڕدرێت و بزووتنەوەی کرێکاریی پێگەیەکی گونجاوتر بەدەست بهێنێت بۆ خۆڕێکخستن و گەیشتن بە خواستەکانی

بێ گومان چین و توێژە کرێکارییەکان و خەڵکی ئازارچێشتووی ئێران کە ٤٦ ساڵە لەژێر دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمە چەوسێنەر و جینایەتکارە دا و لە پێناو باشترکردنی بارودۆخی کار و گوزەرانی خۆیان خەبات دەکەن، لەژێر ئەم هەلومەرجەشدا درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان دەدەن. کرێکاران و ئەو جەماوەرە ئازارچێشتووەی کە گوشارەکانی بژێوی ژیان تەنگی پێ هەڵچنیون، هیچ ڕێگایەکیان نییە جگە لەوەی کە بە مەبەستی باشترکردنی بارودۆخی ژیان و دەربازبوونیان لەو دۆزەخەی کە ڕێژیمی سەرمایەداری ئیسلامی دروستی کردووە، قۆڵی لێ هەڵبماڵن و لە هەموو بوارەکاندا نەبەردی یەکلاکەرەوەی خۆیان لە دژی هۆکار و سەبەبکارانی ئەم هەژاری و نەهامەتییە ئابوورییە بەرەوپێش ببەن. لەمڕووەوەیە کە ئێمە لەسەر پێویستی پەرەسەندنی بزووتنەوە داواکاریی تەوەرەکان و پێویستی یەکگرتوویی و لێکنزیکبوونەوەی ئەو بزووتنەوانە جەخت دەکەینەوە. بوونی بەهێزتری بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان، موعەلیمان، خانەنشینان، پەرستاران، دادخوازان، ژینگە پارێزان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، لە دەوری کۆمەڵێک ویست و داخوازیی دیاریکراو، ڕەمزی گەشەکردن و پەرەسەندنی هەلومەرجی شۆڕشگێڕانە لە ئێرانە. هەروەها ڕێکخراو و ڕێبەرییەکیش کە بتوانن گەرەنتی بەسەرکەوتن گەیاندنی کۆتایی بکەن، لە ڕەوتی خەبات و لە هەناوی ئەو بزووتنەوانەدا شکڵ دەگرن

****

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 465-September 2025
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# کاراکردنی میکانیزمی ماشە،

## ئەگەری دەستپێکردنەوەی دانوستانەکانی ئێران و ئەمریکا لە ژێر سایەی شەڕدا

لە کاتێکدا سێبەری شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیل و لێکەوتە ئەمنییەکانی لەسەر تەواوی ناوچەکە هەروا قورسایی دەکات، دیپلۆماسی نێودەوڵەتی جارێکی دیکە بووەتە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوە و پێشهاتی نوێ. هەنگاوی ئەم دواییەی سێ وڵاتی زلهێزی ئورووپایی (ئەڵمان، فەڕانسە و بریتانیا) بۆ کاراکردنی میکانیزمی ماشە و گەڕاندنەوەی سزاکانی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی و هەروەها کاردانەوەی توندی کۆماری ئیسلامی، کەشێکی قورسی بۆ ئەگەری دەستپێکردنەوەی دانوستانە ڕاستەوخۆکانی ئێران و ئەمریکا دروستکردووە. بەیاننامەکەی مارکۆ ڕوبیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، بۆ پشتیوانی لە هەوڵەکانی ئورووپا، دوو پەیامی سەرەکی لەخۆدەگرێت: یەکەم، جەختکردنەوە لەسەر درێژەدان بە بەکارهێنانی "زۆرترین گوشار" و دووەم، ڕاگەیاندنی ئامادەیی ڕاستەوخۆ و بێ مەرجی دەوڵەتی ئەمریکا بۆ دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران. لە ڕاستیدا ئەمریکا هیچ ئامانجێکی تری نییە جگە لە ناچارکردنی ئێران بە قبوڵکردنی خێرا و شەفافی داواکارییەکانی ئەمریکا. لە لایەکی دیکەوە نامەکەی عەباس عەراقچی بۆ یەکێتیی ئورووپا دەرخەری هەڵوێستی نەگۆڕی کۆماری ئیسلامییە. ناوبراو لە نامەکەیدا هەر هەنگاوێک بۆ سەرلەنوێ گەڕاندنەوەی سزاکان بە نادروست دەزانێت و پێداگری لەسەر بەسەرچوونی بڕیارنامەی ٢٢٣١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥ دەکات. بەڵام هەر لەو نامەیەدا جارێکی دیکە ئامادەیی کۆماری ئیسلامیی بۆ دەستپێکردنەوەی بەوتەی ئەو، دانوستانی "دادپەروەرانە و هاوسەنگ" ڕاگەیاندووە، بەو مەرجەی کە لایەنی بەرامبەر "نییەتی باش" لەخۆی نیشان بدات و خۆی لە کردەوەی تێکدەرانە بپارێزێت. ئەم دژوازییە ڕواڵەتییە واتا ڕەتکردنەوەی سزاکان لە لایەک و ڕاگەیاندنی ئامادەیی بۆ وتووێژ لە لایەکی دیکەوە، ئاماژەیە بۆ داماوی و بێدەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر گوشارە ئابوورییەکاندا

واقعییەت ئەوەیە کە ناکۆکییەکانی نێوان هەردوولا لە بنەڕەتدا لەسەر سروشت و ئەجێندای دانوستانەکانە. لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە دانوستانەکان تەنیا لەسەر پرسی ئەتۆمی بێت، ئیدارەی ئەمریکا لیستێکی دوورودرێژ لە ویست و داواکارییەکان دەخاتە ڕوو، لەوانە ڕاگرتنی بەرنامەی مووشەکی بالیستیک، کۆتاییهێنان بە "تیرۆریزمی ناوچەیی" و گۆڕانکاری لە ڕەفتاری کۆماری ئیسلامیدا. ئەم جیاوازییە لە ڕوانگەدا دەتوانێت ببێتە بەربەستێکی سەرەکی لەبەردەم بەرەوپێشچوونی هەر گفتوگۆیەک. ئامانجی تاکتیکیی کۆماری ئیسلامی لە دانوستانەکانی داهاتوودا، بریتییە لە گەیشتن بە سازانێکی ئابڕومەندانە و ئامانجی ستراتژیکی کۆماری ئیسلامی بریتییە لە دەستەبەرکردنی گەرەنتی مانەوە. ئەوان هیوادارن بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوایی و هەڵگرتنی سزاکان، ڕێگری بکەن لە تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی و تا دەتوانن پرسی جێنشینی خامنەیی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە سەرەوە بە هێمنی تێپەڕ بکەن. ئامانجی تاکتیکی ئەمریکا بریتییە لە گۆڕینی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی و ئامانجی ستراتژیکی ئەو وڵاتە بریتییە لە بەهێزکردنی هەژموونی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دەوڵەتی ترامپ بە درککردن بە پێگەی لاوازی کۆماری ئیسلامی، ستراتیژەکەی لەسەر بنیاتنانەوە و بەهێزکردنی پێگەی ئەمریکا لە ناوچەکە، ڕێگریکردن لە ئێران بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی و هەروەها چڕکردنەوەی تواناکانی لەسەر ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نفوز و کاریگەرییە ئابوورییەکانی چین دامەزراندووە. لەم ڕۆژانەدا دەسەڵاتدارانی ئەمریکا باس لە بابەتی جۆراوجۆری وەک هەڵوەشاندنەوەی سپای قودس، لەناوبردنی مووشەکی بالیستیک و قەدەغەکردنی بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە مووشەکە، گواستنەوەی یۆرانیۆمی پیتێنراو بۆ وڵاتێکی سێیەم و لەناوبردنی سەرجەم سیستەمەکانی پیتاندن دەکەن. کۆماری ئیسلامی ئیدیعای ئەوە دەکات کە دانوستانەکان تەنیا لەسەر پرۆژەی ئەتۆمییە، بەڵام واقیعییەت ئەوەیە کە هیچ بژاردەیەکی دیکەی نییە جگە لە قبوڵکردنی ویست و داواکارییەکانی ترامپ

دیارە کە ئامانجی ستراتژیکی ئەمریکا نەک ڕووخاندنی ڕێژیمی ئیسلامی، بەڵکوو بریتییە لە گۆڕینی ڕەفتارەکانی. دەوڵەتی ئەمریکا نایەوێت داهاتووی ئێران لە هەلومەرجێکدا کە لەبەردەم ئەگەری سەرهەڵدانی شۆڕشێکی جەماوەریدایە، بە چارەنووسێکی نادیار بسپێرێت. دەوڵەتی ئەمریکا دەیەوێت کۆماری ئیسلامی بەجۆرێک دەستەمۆ بکات کە هیچ مەترسییەک بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە دروست نەکات. لەمڕووەوە هەر دوو لایەنی کێشەکە، لەسەر مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هاوڕان. ئەوەی جێی مشتومڕە، ئەو باجەیە کە کۆماری ئیسلامی لەپێناو گەرەنتی مانەوەی خۆیدا دەبێ بیدات. وڵاتانی عەرەبی ناوچەکەش هەڵوێستەکانیان گۆڕیوە. لە کاتێکدا کە لە دەورەی پێشووتری سەرۆککۆماری ترامپدا، ناوبراویان هان دەدا لە بەرجام بکشێتەوە، بەڵام ئێستا دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ و دانوستانەکانی نێوان هەردوولایان بە هەنگاوێکی ئەرێنی هەڵسەنگاندووە. ئەم وڵاتانە کە لە ڕێگای فرۆشتی نەوتی زۆروە گەشەیەکی گەورەی ئابووریی بەخۆوە دەبینن، ئاواتەخوازی ململانێی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی نین. ئەوان بە توندی خوازیاری سەقامگیری ناوچەکە و پێشگرتن لە ئەگەری شەڕێکی بەتەواومانان

بەڵام ڕژێمی ئیسرائیل بە سەرۆکایەتی نەتانیاهۆ نەیاری سەرەکی هەر ڕێککەوتنێکە لەگەڵ ئێران. ئەو ڕژیمە بە پەرەپێدانی گرژییە ناوچەییەکان، هەوڵ دەدات تاوانەکانی خۆی لە غەززە پەردەپۆش بکات. بەڵام ئەو ڕیسواییە نێودەوڵەتییەی کە بەهۆی کوشتاری فەلەستینییەکان دروست بووە، پۆتانسێلی لایەنگرانی ئیسرائیلی بۆ دروستکردنی ئاستەنگ لەبەردەم دانوستانەکان تاڕادەیەک کەمکردووەتەوە. ئەم دانوستانانە لە هەلومەرجێکدا بەڕێوەدەچن کە هاوسەنگی هێز تاڕادەیەکی زۆر بە زەرەری کۆماری ئیسلامی گۆڕاوە. جێگە و پێگەی کۆماری ئیسلامی بە هیچ شێوەیەک بەراورد ناکرێ بەو قۆناغەی کە ڕێککەوتننامەی بەرجامی تێیدا واژۆ کرا. ئەگەری هەر ڕێککەوتنێک دەتوانێت بۆ ماوەیەکی کورت ببێتە هۆی کەمبوونەوەی گرژییەکان و تاڕادەیەک ئاساییبوونەوەی دۆخەکە و هەروەها بوار ڕەخساندن بۆ بوژانەوەی ئابووری سنووورداری ئێران و پێناسەکردنەوەی ڕۆڵی ئەو وڵاتە لە ناوچەکە لە ژێر چاودێری ئەمریکادا. بەڵام ئەم ڕێککەوتنە ناتوانێ قەیرانی پێکهاتەیی نێوان کۆماری ئیسلامی و جەماوەری خەڵکی ئێران چارەسەر بکات. داهاتووی ئێران نەک لەسەر مێزی دانوستان بەڵکوو لە مەیدانی خەباتی کۆمەڵایەتی و سیاسی خەڵکی ئێران بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، دیاری دەکرێت. هەر ڕێککەوتنێک لە کۆتاییدا تەنیا دەتوانێ مەرهەمێکی کاتی بێت بۆ سارێژکردنی ڕەنج و ئازاری قووڵی کۆمەڵگای ئێران

واقیعییەت ئەوەیە کە لە لایەکەوە کۆماری ئیسلامی هیچ بژاردەیەکی دیکەی نییە جگە لە قبوڵکردنی داواکارییەکانی ترامپ و لە لایەکی دیکەشەوە ئەمریکا ئامادە نییە بچێتە ناو پرۆسەیەکی درێژخایەنی دیالۆگ بۆ گەیشتن بە دەرەنجام و دەیەوێت ویست و داواکارییەکانی لە دانوستانێکی شەفاف و خێرادا دەستەبەر بکات. لەو ڕووەوە کە هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناوە، لەم کێشمەکێش و وتووێژانە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا، زۆر پێویستی بە سەرکەوتن هەیە. بەچۆکداهێنانی کۆماری ئیسلامی کۆمەک دەکات بە بەهێزبوونی پێگەی ئەمریکا لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ترامپ بۆ ئەوەی لە ئاستی جیهانیدا هێز و هەیمەنەی خۆی نیشان بدات، پێویستی بەوەیە کۆماری ئیسلامی ناچار بکات بە هەر ڕێگایەکی مومکین، چ لە ڕێگەی دانوستان یان بەکارهێنانی هێزی سەربازییەوە، داواکارییەکانی قبوڵ بکات. بەڵام قەیرانی ناوخۆ و نارەزایەتی گشتی، ئاڵەنگارییەکی سەرەکییە بۆ کۆماری ئیسلامی. سەرەنجام داهاتووی سیاسی ئێران لە بەرژەوەندی کرێکاران و خەڵکی چەوساوە و بێبەش، نەک لە دانوستانی دیپلۆماسی ئێران و ئەمریکا، بەڵکوو لە مەیدانی خەباتی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دیاری دەکرێت. ئیرادەی زۆرینەی خەڵکی ئێران، ڕێبازی داهاتوو دیاری دەکات. داهاتووی ئێران نەک دیپلۆماتکاران، بەڵکوو بە ئیرادەی بەکۆمەڵی ئەو جەماوەرە دیاری دەکرێت کە چیتر نایانەوێت ببنە قوربانی سیاسەتە شکستخواردووەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

****

دواستون

# مزگەوت جمهوور و سیستەمی مزگەوتۆکرات

لەم ڕۆژانەدا کۆماری ئیسلامی لە شانۆیەکی کاڵتەجاڕی سیاسی دەچێت کە کۆمەڵێک شێتۆکەی مشەوەش و موزەبزەب بە گفت و لفتە لێکدژەکانیان هاوکات ئامرازەکانی بزە و خۆڵەمێش بەرهەم دێنن. بۆ نموونە بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ علی خامنەای کە خۆی بە کۆڵەکەی حیکمەت و ژیریی موسڵمانانی جیهان دەزانێ، ئەو حیکمەتەی بە خەڵک دەفرۆشتەوە کە وڵاتەکەی لە حاڵەتی نە شەڕ و نە موزاکرەدا ڕاگرتووە، بەدەر لەوەی کە هەم موزاکراندیان و هەمیش خستیانە گەمارۆی شەرگەلێکەوە کە شڕ و شیتاڵی کردوە، ئیستە خۆی بارودۆخی نە شەڕ و نە ئاگربەس بە مەترسی دەزانێ و کەس نازانێ کە وابوو ئەی چی؟

دیارە حەتم لەم گەنم گەنمەی جەنابی کۆڵەکەی حیکمەتا وڵامێکیش بۆ ئەو پرسیارەی سەرەوە دادەهێنرێت

بۆ ئەوەی مەسعودی پزیشکیان لە جەنابی کۆڵەکەی حیکمەت دوانەکەوتبێت ئەمیش باس لە هەشتا هەزار مزگەوت دەکات کە گوایە قەرارە سیحر و جادو بکەن و هەموو موشکیلەکانی خەڵک لەوێوە چارە سەر بکرێت جەنابی سەرۆک مزگەوت ئاماژەی بەوەداوە کە پێویستە گەرەک و مزگەوتەکان بنکەی چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵک بن و فەرموویانە: ٨٠ هەزار مزگەوتمان هەیە، واتە بۆ هەر هەزار و ٢٠٠ کەس یەک مزگەوت. فەرموویانە ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە ئێمە هێشتا ڕووبەڕووی کێشەی کولتووری ببینەوە؟ بۆچی مزگەوتەکان ناتوانن کێشەی خەڵک چارەسەر بکەن؟

بە پێی ڕاپۆرتی ئیرنا، مەسعوود پزیشکیان، لە چوارەمین سەفەری یەک ڕۆژەیدا بۆ پارێزگای ئەردەبیل، لە دیدارێکدا لەگەڵ چالاکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئەو پارێزگایە ڕایگەیاندووە، ئەگەر موسڵمانان هاوکاری یەکتر نەکەن، ئەوا موسڵمان نین. فەرموویەتی: ئەرکی موسڵمانە کە گرێی کاری کەسانی تر بکاتەوە و یارمەتییان بدات

بەم پێوەر و پێوانانەی جەنابی مزگەوت جمهوور خۆی یەکەم گاوری فەرمودەکانیەتی، ئەگەر بە جێگای مزگەوت وەکوو گاورەکانی هیندستان باسی سێحری گاکانی بکردبا مرۆڤ دەیگوت ڕەنگە باسی بەرهەم هێنانی گەنم بکات لە بەرەکەتی گێرەی گاکان. بەڵام گێڕی گەڕەلاوژێی کاربەدەستانی ئەم سیستەمە مزگەوتۆکراتە وەها دەرهاتووە کە ئەحمەدی نەژاد گوتەنی بۆ دواوە ناڕوات و هەتا هەڵدێر دەیگازێنێ. بەم شێوەیە جەنابیان باسی سیێحری مزگەوت و منارە دەکەن، مرۆڤ پێی وانابێ مزگەوت کانگای خەیاڵ پڵاوە، بەعکسەوە وادەردەکەوێت شوێنی خودی پڵاوە، شوێنی پاڵاوتنی ئاو و بەرهەمهێنانی کارەبا و دەرمان و دەوا و گۆشت و هەموو ئەو شتومەکانەی ترە کە بۆ ژیانێکی ئینسانی پێویستە، ئەگەر دنیا ئاوا بە خەون و خەیاڵ و مزگەوت و میرزا بەڕێوە بچووبایە ئەو دەم خەڵک بەرەو مزگەوتەکان دەچوون و خیتاب بە جەنابی سەرۆک مزگەوتیش دەیانگوت: «هەی دکتور دەواو دەرمان، دە وەرە وەرە بە قوربان»

بەڵام بە داخ و ئەسەفێکی زۆرەوە وەکوو دەڵێن: «ئێمە بە گەمەوە بەرد دەگرینە بۆقەکان بەڵام ئەوان بە ڕاستی دەمرن»، واتە مرۆڤ لە دنیای ڕاستەقینەدا بە خەیاڵ پڵاو تێر نابن و پێویستیان بە خودی پڵاوە، ئازارەکانیان بە مزگەوتی سرکەر و مادەی سڕکەر دانامرکێ بەڵکوو پێویستیان بە پزیشکی ڕاستەقینە و دەوا و دەرمانی تەواوە. ڕەنگە باشتر ئەوە بێت مزگەوتچیەکان بگەڕێنەوە بۆ مزگەوت و سیاسەت و بەڕێوەبردنیش بفەڕێندرێتەوە بۆ جەماوەر کە وەکوو نان و خوان پێویستی بە ئیدارە و بەڕێوەبردنی ژیانی مادییەتی و بێ ئەو خۆبەڕێوەبردنە مەعنەویەتی ئینسانی و خودی ئینسانیش تا قولایی خەون و خەیاڵ دۆڕاو و لەخۆ دابڕاوە

****